# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی چوارەم ژمارە (77) 15/6/2020 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەردەچێت


**بۆ ئاشنابوون بە تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی و کارەکانی، دیمانە لەگەڵ جەلال محەمەد، شەیدا نامیق...ل9**

# بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری پێویستە ڕووی لە کۆتایهێنان بەدەسەڵات و سەرجەم ئەزموونی شکستخواردوی هەرێم بێ!

## چەند گفتوگۆیەك سەبارەت بە هەژاری و بێ موچەیی و ئایندەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان ، لەلاپەرە 10_11_12_13_14 بخوێننەوە...









سەفین کاکە ڕەش | نوری بەشیر | ڕەنجدەر گراوی | فەرمان ڕەشاد

**خۆپیشاندان و نارەزایەتی بۆ هەلی کار بەردەوامە..ل2**

**کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر...ل3**

**تکایە ناتوانین هەناسە بدەین ل4**

**پێویستە بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەم ڕۆژگارە تێپەڕێنین!!...ل4**

**کرێکاران خوازیاری شۆڕشن ل5**

**تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بیرۆکەی شەرەف...ل6**

**دزی و تاڵانی لەزمانی خۆیانەوە...ل6**

## وتەی ژمارە

هەلومەرجی سیاسی کوردستان، لە دۆخێکی هەستیاردایە. ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارو موچەخۆران، بێکاران، کەبەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردستان پێکدەهێنن، تا بڵێی سەختە و رۆژ بەرۆژیش سەختر دەبێت... موچە نییە یان لەکاتی خۆی زۆر دوادەکەوێت. مانگەکانی رۆژ لەلایەن دەسەڵاتی لاباکی کوردستانەوە، درێژ دەکرێنەوە. خزمەتگوزارییەکان لەوپەڕی خراپی و دارماندان. سلکی پەروەردە تا دەگات بەکەرتی تەندروستی وێرانن... دزی و تاڵانی سیستماتیک بەهەردوو جۆری"رەسمی نارەسمی" لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە بۆ ساتێک ناسرەوێت. ڤایرۆس کۆڕۆنا و لێکەوتەکانی ژیان و گوزەرانی زۆربەی خەڵکی کوردستانی لەبەردەم مەترسیی کار لەدەستدان و ڕاگرتنی بازاردا راگرتووە و حکومەت و دەسەڵاتیش لەوپەری لاموبالاتیدایە، داوای خۆپاریزی لەهاوڵاتیان دەکەن، بەڵام ئامادەنین بەرپرسیاریەتیەکی بەکردەوە بگرنە ئەستۆ و ژیان و گوزەرانیان دابین بکەن. پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا شلۆق و بی ئاییندەیە و رۆژ بەرۆژ کیشەکانیان لە پەیوەند بەموچە، یاسای نەوت و غاز، چۆنیەتی ئیدارەو سەڵاحیەتەکانی دەسەڵاتی هەولێر... بەرەو ئالۆزی زۆرتر مل دەنێت و بەغداد دەیەوێت دەسەڵاتی حزبەکان لەکوردستاندا سنوردارتر و کەم سەڵاحیەتر بکات. ئاییندەی سیاسی کوردستان هیچ ئاسۆیەکی باشی لەبەردەم نییە کە بەرەو کام ئاقار دەڕوات و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی چ بەسەر دێت. پەیوەندی نێوان حزبەکان لەخانەوادەی بۆژوازی کوردا تا بڵێی ناجیگیر و پڕ کێشەو ململانێیە. حکومەت و پەرلەمان وەکو دوو دیکۆری ساختە هیچ کارەن و رۆڵیان لەچاو دەسەڵاتی حزبیدا، زۆر ناچیز و ڕوکەشە. قڵشتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و خەڵکی کوردستان لە هەردوو زۆنەکە، بە ئەندازیەک بەرین بۆتەوە، کە نزیک بوونەوەیان لەیەکتری بەوەو مەحاڵ مل دەنێ. بەشە نارازییەکانی بۆرژوازی و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان... لە بن بەستدان. خۆشباوەری بە بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان، تا ئەندازیەکی یەکجار زۆر رەویوەتەوە و ئیستا جێگای نەفرەتی گشتین.

لەبەرامبەر بەم دۆخەدا، نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی سیاسی رووڵەهەڵکشانێکی خێرایە. بزوتنەوەی نارەزایەتی کوردستان لەهەموو گۆشەو کەنارێکی کوردستاندا قوڵپ دەدات و بەشێکی زۆر لەشارو شارۆچکەکان و ناوەندەکانی کارو خزمەتگوازییەکان، هەر ئێستا بوونەتە مەیدانی بایکۆت، مانگرتن، کۆبونەوە، خۆپیشاندان. ئەگەری خرۆشانی جەماوەری و ڕاپەرینی شارو شارۆچکەکان، بەهێزەو دەسەڵاتی سیاسیش درکی ئەو مەترسییە دەکات. بەشێک لە هێزە سیاسیەکان لەوانە یەکێتی و گۆڕان، کە خۆیان بەشێکن لەدەسەڵاتی بەشدار بۆ لاپەرە 2


پرسی ژن ل6

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8.7

## درێژەی... وتەی ژمارە

لەهەولێر و دەسەڵاتی بەکردەوە لە زۆنی سەوزو نیلین، دەیانەوێ بە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەربکەون لە بەرامبەر بە پارتی و هاوکاتیش خۆیان لەتورەییی خەڵکی کوردستان، بپارێزن. گۆران و یەکێتی دەیانەوێت هەلومەرجی سیاسی کوردستان، لە گرانی و نەبوونی، بێکاریی و دزی و تاڵانی و شلۆقی پەیوەندی هەرێم و بەغدا...تاد، بخەنە ئەستۆی پارتی و شانی خۆیان لەهەموو بەرپرسیارییەتیەک، بدزنەوە. تەنانەت دەیانەوێت بەرپرسیاریەتی دۆخی ناهەمواری زۆنی سەوزو نیلی، کەڕاستەوخۆ یەکێتی و گۆڕان بەرپرسی سەرەکین لێی بخەنە ئەستۆی پارتی و ئەستۆ پاکی خۆیان نیشان بدەن.

تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری ئیستای کوردستان، تەنها روو لە داواکاری و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان نییە، تەنها لەدژی دزی و گەندەڵی نییە، بۆ چاکسازی و دابینکردنی موچە نییە، بەڵکو چۆتە ئاستێکی باڵاتر. لە بزوتنەوەی داخوازییەکانەوە بۆتە بزوتنەوەی راماڵینی دەسەڵات. خواستی کۆتاییهینان بە دەسەڵات بۆتە مەسەلەی میحوەری. خەڵکی کوردستان ئومێد بڕ بوون لەوەی ئەو دەسەڵاتە چاکسازی بکات، یان دەربەستی ژیان و گوزەرانیان بێت، بۆیە بزوتنەوەی داخوازییەکان گۆڕاوە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی بۆ کۆتاییهینان بە دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

دیارە ئەم هەنگاوێکی روولەپێشە، بەڵام هێشتا هەنگاوی دواتر، کە پێویستە سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی بکاتە نیشانە نەبۆتە مەسەلەی سەرەکی، واتە حزبە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کە زادەی بزوتنەوەی کوردایەتین، لەبەردەم نەفرەت و شەپۆلەکانی راپەرینی جەماوەریدان، بەڵام خودی بزوتنەوەی کوردایەتی هیشتا نەبۆتە نیشانەی رەوتی گۆرانکارییەکی بناغەیی، بۆیە لەهەلومەرجێکی ئاوادا، ئەگەر ئەلتەرناتیفێکی تەواو جیاواز لە بزوتنەوەی کوردایەتی و پێ نەگرێت و قیافەی لە کۆمەڵگەدا نیشان نەدات، هەمان بزوتنەوەی ناسیونالیستی دەتوانێت لە بەرگ و قیافەی تردا، حزبی سیاسی لەمنداڵدانی خۆیدا دەربهێنێت.

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان، و شەپۆلەکانی ئەم راسانەی پیشبینیکراون. لەوەها دۆخێکی هەستیاردا، ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە پیویستی بەوەیە بزوتنەوەی کوردایەتی، وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی و لانکەی پێگرتنی ئەحزبە سیاسیەکانی، تێپەرێنێت. نەک تەنها ئەو دەسەڵات و حکومەت وپەرلەمانە پوچ و فریودەرانەکەی، بەڵکو پێویستە سەرجەم ئەزموونی شکستخواردوی هەرێم، لە ریشەوە هەڵبکەندرێت و ئەزمونێکی نوێی ئازادیخوازانە، ئینساندۆست و پیشڕەو جێگای بگرێتەوە. ئەزموون و دەسەڵاتێک کە بەشداری راستەوخۆی هاوڵاتیان لە دەسەڵات و بەڕیوەبردندا زەمانەت بکات، یاساو رێسای پیشکەوتنخوازنە بکاتە مەبنا، کۆتایی بە فیدرالیزمی پوچی قەومی بهێنێت و خەڵکی کوردستان لە کەشێکی ئازادانەدا، بریار لەچۆنیەتی پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە، بدات و دووبارە پرسی جیابوونەوە لە عێراق، یان مانەوەی بە مافی هاوڵاتی یەکسانەوە لە ریفراندۆم" راپرسیەکی" ئازادانەدا، بەدوور لە هەرەشەو توندوتیژی و لە ژێر چاودێری ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا، بەدەستەوە بگرێت.

ئەلتەناتیفێکی پیشڕەو ئازادیخوازنە بۆ بنیاتنانی ئەزموونێکی نوێ و پشت بەستو بەدەسەڵاتی راستەوخۆ و ئازادانەو لەخوارەوەی جەماوەری، لەخۆیە نایەتە بوون، بەڵکو پیویستی بەوەیە بەرەی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازی کۆمەڵگە، لە ئیستاوە بە نەخشەی رۆشنەوە پێ بنێتە ناو ئەو شەپۆلانەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە رۆژ بەرۆژ ڕوو لە هەڵکشانە. پیویستی بەوەیە رابەران و هەلسوڕاوانی کرێکاریی و کۆمۆنیست، چەپ و ئازادیخواز، رینوێنی و هەنگاوەکانی پیشرەوی و رێگاکانی سەرکەوتنی بزوتنەوەی راماڵینی دەسەڵات بخەنە بەردەم کۆمەڵگە و ئاڵای رزگاری یەکجاری لە ستەم چەوساندنەوەی و نابەرابەری و بێمافی، بەدەستەوە بگرن. هەنگاوەکان بۆ رێکخراوبوونی کرێکاران لە کارگە و ناوەندەکان، پیکهێنانی رێکخراوە جەماوەرییە کریکاریی و رادیکاڵەکان، ریکخراوی گەرەکەکان لە کەسانی جێگا متمانەو دڵسۆز دەستیان بۆ ببرێت. لەگەڵ راماڵینی دەسەڵاتی سیاسی لەهەر جیگا و شوێنێک، شارو شارۆچکەو گەرەکێک و ناوەنیکی دیاریکراو، هاوکات پیویستی بەبوونی هیزی پارێزگاری ئەو جێگاو شوێنە هەیە. لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسی بە داگیرکردنی حکومەت و پەرلەمان و پاریزگا و قائمقامیەت و ناحیە و کۆتایی پێنایەت... بەڵکو بە راماڵینی دەسەڵاتی حزبیان و جێگرتنەوەی راستەوخۆی بەدەسەڵاتی جەماوەری رێکخراو چەکدار مەیسەر دەبێت و بەر بەگەڕانەوەی چەکدارانەیان دەگیرێت. ئەوەی لە هەموو کون و قوژبنێکی کوردستان هەیە دەسەڵاتی حزبە، حکومەت نییە. لە دۆخی کوردستاندا، ئەوە حزبە بریار دەردەکات و دەسەڵات و گوێگری خۆی هەیە، حکومەت نییە.

زەمینە بۆ چەپ و کۆمۆنیزم لەبارە، ئەسپی خۆی تاو بدات و ببێتە هێزی کاریگەر و بڕیاردەر. ببێتە جێگرەوەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و دزو نۆکەر پیشەییە، کە نزیک بە ٣٠ ساڵە، وەکو میراتگری بەعس، کایە بەژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە دەکات و ئاییندە سیاسیەکەی لە تونیلێکی تاریکدا راگرتووە.

با بۆ نەبەردی کۆتایی خۆمان ئامادەبکەین، با لەسەر راسانێکدا، لە هەرشەپۆلێکی راماڵینی دەسەڵاتدا، ئەلگۆ و فۆرمی دەسەڵاتێکی ئازادانەو بە بەشداری راستەوخۆی هاوڵاتیان، جیگیر بکەین و نیشانی بدەین، دەسەڵاتی چەپ و کۆمۆنیستەکان عەمەلییە...

## قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی

بەرواری ٦ ی ئەم مانگە ژنێک بەناوی" ب، م" تەمەن حەفدە ساڵان لەڕیگای کلاشینکۆفەوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، ئەم ژنە ژنی ماڵ بووەو خەڵکی گوندی دوبێ سەر بە ناحیەی هەڵشۆی قەزای پشدەرە. دەوترێت پەڕاو بۆ دۆسیەکەی کراوەتەوە ...




## خۆپیشاندان و نارەزایەتی بۆ هەلی کار بەردەوامە...

زیاتر لە ٣٠٠ خوێندکاری دەرچووی بەشی ئەندازیاری کەرکوک، وە بەسەدان لە لاوانی ناحیەی بازیان، بەردەوامن لە کۆبونەوەی نارەزایەتی لە پێناو دامەزراندن و دەستخستنی کاردا... بەڵام تائیستا بەرپرسانی پەیوەندیدار، وەڵامی داخوازی خۆپیشاندەرانیان نەداوەتەوە، بۆیە خۆپیشاندەران چ لە کەکوک و چ لە بازیان کە نزیکەی ٢٠٠ کارگەی بەرهەم هێنانی لێیە، بڕیاریان داوە بەردەوامی بە خۆپیشاندانەکانیان بدەن، تا وەڵام بەداخوازییەکانیان دەدرێتەوە. دیارە پرسی بێکاری تادێت بەرین دەبێتەوەو لە بەرامبەریشدا لەسەراسەری کوردستان نارەزایەتی لە پێناو داخوازی دامەزراندن و دەستخستنی هەلی کار، درێژەی هەیە و رۆژ بەرۆژیش بەرینتر دەبێتەوە.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

**لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسی بە داگیرکردنی حکومەت و پەرلەمان و پاریزگا و قائمقامیەت و ناحیە و کۆتایی پێنایەت... بەڵکو بە راماڵینی دەسەڵاتی حزبیان و جێگرتنەوەی راستەوخۆی بەدەسەڵاتی جەماوەری رێکخراو چەکدار مەیسەر دەبێت و بەر بەگەڕانەوەی چەکدارانەیان دەگیرێت. ئەوەی لە هەموو کون و قوژبنێکی کوردستان هەیە دەسەڵاتی حزبە، حکومەت نییە. لە دۆخی کوردستاندا، ئەوە حزبە بریار دەردەکات و دەسەڵات و گوێگری خۆی هەیە، حکومەت نییە.**

# کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر

## بەشی چوارەم

**حیزبەکان خۆیان گرفتن، نەک چارەسەر:** ناساندنی حیزبەکان زۆرگرینگە چ لەڕوویی مێژوویی تێکۆشانی دژە ئینسانییان یاخود کەچۆن درۆ وفێڵ



ودووڕیی لەگەڵ خەڵکدا دەکەن. بۆ باشتر ناساندنیان مێژووی ڕەشی سەرکوت ودژە بەشەریان گەلێک سوودمەندە، دەبێت بۆخەڵک کەباس بکرێت. لاپەڕەکانی ژیانیان ڕاستگۆیانە هەڵبدرێتەوە، ئەمەش ئاستی وشیاری خەڵک بەگشتی و لاوان وگەنجان بەرزدەکرێتەوە لەپێناو دۆزینەوەی دەرچەیەک لەنەخشە ڕێگایەک بۆ ڕزگاری لەچەوسانەوەو نابەرابەری و دزی و گەندەڵی کۆمەڵگەی کوردستان، بۆئەوەی وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی وسەربازی داکۆکیکردن لەیاساکانی فاشیزم ئەو دیوارە ئاسنینە لابچێت کەوەک میکانیزمێک مێژووی تێکۆشانی شاخیان بەخەڵک دەفرۆشنەوە و سۆزو عاتیفەی خەڵک بەلای خۆیان ڕادەکێشن، ئەم حیزبانەی پارێزەری سیستەمی چەوسێنەرو دز بەردەوام فێریوکاری و سیناریۆ سازدەکەن بۆئەوەی لەهەڵبژاردن دەنگی خەڵک بەدەست بهێنن کەهەر کەدەنگیان هێنا دەچنە ناو داکۆکیکردن لەسیستەم و دەسەڵاتی چەسێنەرو دزو گەندەڵ. چەند جۆر حیزب هەن لەباشووری کوردستان لەڕوویی ناوەڕۆکەوە بەدوو جۆر دابەش بوون یەکەمیان ئەوانیش ئەوانەی کەلەناو دەسەڵاتدان و بەرگری لەمانەوەی ئەوجۆرە سیستەمە چەوسێنەرە دەکەن. ئەوانیش بریتیین لە(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق وچەندین حیزبی سێبەری پارتی ویەکێتی کەدروستکراوی بەشی پاراستن و زانیاری ئەو دووحیزبەن، بەشێکی زۆری کادرو ئەندامانیان بۆکراوەتە موچەخۆر بەنادیاری (یاخود بندیوار) بەپێویستی نازانم ناویان بهێنم ئەمانە دووکانی سیاسی پارتی ویەکێتیین. هەروەها حیزبە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان هەمان جۆری یەکێتی وپارتی ململانێ بۆ بەرژەوەندی حیزبی دەکەن پارێزگاری سەرسەخت لەمانەوە لەوجۆرە سیستەمە کۆنەپارێزو چەوسێنەرە دەکەن، تەنها دەیانەوێت خۆیان بچنە ناودەسەڵات ودەستیان ڕابگات سەروەت وسامانی گشتی کۆمەڵگا هەروەک یەکێتی وپارتی، دەیانەوێت بەناوی دین و نەتەوەو سۆزی خەڵک بۆلای خۆیان کێش بکەن کە لەدەنگدانی پەرلەمان دەنگی زیاتر بهێنن، بۆیە بەردەوام لەکەمیندان بۆکاتی ئەنجامدانی نارەزایەتییەکان هەتاسواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکبن، وەکو کارتی فشار بەرامبەر حیزبەکانی دەسەڵات بەکاری بهێنن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازو پۆست وپلەی حکومی. ئەم جۆرە مۆدیلەش دەستەکەی کەئاشکرابوو بۆ خەڵک هەر وەک پارێزەرانی دەسەڵاتی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ و شەریکە دز ئەژمار دەکرێن.. حیزبەکەی (نەوەی نوێ) یەکێکە لەو پلانە مەترسیدارانە کە بەناوی نوێکردنەوە و گەشەی ئابوری کوردستان هاتۆتە مەیدان وشیعاری بەرز کردۆتەوە کە لە ڕاستیدا و لەناوەرۆکدا دەیەوێ مودێلێکی هارترو چالاکتر لەوەی ئێستا بۆچەوسانەوەو گەشەی نابەرابەری لەکوردستان بەرقەرار بکات. بەکورتی و بەکوردی بەتێڕوانین و بۆچوونی من هەروەک لەبەشی پێشتر باسم کردووە کە ئەم (حیزبەکانی ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێ وهەتا ئێستا (حیزبی شیوعی) یش لەناوئەو پۆلێنەدا دەرنەچووە ئەمانە هەموویان لەناوەڕۆکدا هاوشێوەی باڵە جیاوازەکانی ناوخۆی ئێرانن کەجارجار پرۆژەی ڕیفۆرم وچاکسازی دەدەنە لایەنی دەسەڵات، بەڵام بێ ئەنجام بووە، هەتا کاتی هەڵبژاردن بەهەمان ئاواز چوونە ناو هەڵبژاردن و بەڵێنی گەورەو دروشمی قەبەو گەورەو بریقەداریان بۆفریودانی خەڵک بەرزکردۆتەوە، کەوایە ئەنجام خۆشیان بێهەڵوێست بوون، بەردەوام چاوەڕوانی دەسەڵاتی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ بوون کەچاکسازی و ڕیفۆرمیان بۆبکات، حکومەت و کۆمەڵگەیان بۆبکاتە سیکۆلارو شارستانی وپێشکەوتوو!! بەڵام بناغەی سیستەمەکە هەروەک خۆبمێنێتەوە. حیزبە کۆمۆنیست وچەپ وشیوعییەکان* ئەم جۆرە حیزبانەش بەسەردوو تێڕوانی وبنەمای فکری دابەش بوون کەبریتیین یەکەمیان حیزبی شیوعی وزەحمەتکێشان کەباوەشێنی ڕیفۆرم وچاکسازی بۆ دەسەڵات دەکەن و زۆر دڵسۆزانەو ڕاستگۆیانە تێکۆشانی بۆدەکەن بۆئەوەی دەسەڵات چاکسازی قبوڵ بکات. چەندەها ساڵە بەردەوام لەسەرئەم ئاوازە بەنەرمی کاردەکەن بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گۆڕانکارێکی ئیجابی ڕووی دابێت لەجۆری ئیدارەدان باشبوونی گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وهەژاردا، بەڵکو بەردەوام گوتراوە ساڵ بەساڵ خۆزگە بەپار، چونکە کوردستانیان وێرانتر کردووە پارێزەرانی سیستەمی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ.. ئەم جۆرە حیزبانە هەتا بەم جۆرەبن لەتێکۆشانیان و ناوەڕۆک و شێوازی هەڵسوڕانیان نەگۆڕن هەر لەکورتی و لاوازی دادەمێنەوە، دەبێت ئەوەش بزانن کەخۆشیان بەشێک دەبن لەدرێژەدان وچەوسانەوەی زیاتری خەڵکی کرێکاروزەحمەتکێش، چونکە بەمجۆرە تێکۆشانە کلاسیکییە خزمەت مانەوەی پایەکانی سیستەمی چەوسێنەرو دز دەکەن. هەربۆیە پێویستە بچنە ناو شۆڕشی چەوساوەکان وکار لەسەر ڕووخانی ئەم جۆرە سیستەمە چەوسێنەرە دزو گەندەڵە بکەن، ڕاشکاوانە تێکۆشان بۆڕووخانی بکەن هەروەها لەگەڵ حیزبەکۆمۆنیست وچەپ وشیوعییەکانی تردا کار لەسەر هاتنەکایەوەی نەخشەڕێگایەکی هاوبەشی یەکگرتووانە بۆ جێگیرکردنەوەی ئەو دەسەڵات وسیستەمە چەوسێنەرو کۆنەپارێزو دزو گەندەڵە بکەن. واتە کارو تێکۆشان بۆهێنانەدی بەدیلێکی ئینسانی باشتر بکەن. دووەمیان ئەوگرووپ ورێکخراوە وحیزبە(کۆمۆنیستی کرێکاری) وشیوعییەکانی تر کە ڕادیکاڵتر وچالاکترن بۆڕووخانی سیستەمی چەوسێنەر ئەگەرچی زۆر پەرشوبڵاون وپەرتەوازان وبەردەوام ڕەخنەی ڕووخێنەر لەیەکتری دەگرن هەربۆیە ئەوانیش زۆرلاوازو بێکاریگەرن زیاتر چالاکییەکانیان فکرییەو بەگشتی لەدونیایی مەجازی وفەیسبوکی دادێت ودەچێت، بەڵام لەکاری مەیدانیاندا زۆر لاوازە.. ڕاشکاوانە بڵێم هەریەکەیان بگری قسەی لەگەڵ بکەی لەڕوویی وتیوری وفکرییەوە خۆی و گرووپ وحیزبەکەی یان ڕێکخراوەکەی لەوانتر پێ باشترو دروستترە، ئەگەرچی هەریەکەیان شارەزاو لێهاتوون لەنووسین وقسە، بەڵام گرفتی گەورەیان ئەوەیە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی هاوفکری خۆیان کەچەپ وکۆمۆنیستن لەگەڵ یەکتری هەڵناکەن، بەردەوام لق وپۆپی زیاتریان لێ دەبێتەوە، بەداخەوە کار لەسەر نەخشەڕێگای هاوبەش ویەکگرتووانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ناکەن. جار جار کەتاک تاکەیان باسی دەکات تەنها لەمەیدانی نووسین وبەیاننامەو قسەدایە کەمترین هەنگاوی کرداری نەدراوە. بەمەش زیاتر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری بەگشتی بەرەو بێکاریگەربوون بردووە. کەسەرجەمیان کارکردنیانە لەچوارچێوەی گرووپ وحیزب پەرستی وسێکتاریزم بووە. لەم بارودۆخەدا بەردەوام نارەزایەتی و شۆڕشی چەوساوەکان شەپۆل دەدات بۆئەوەی ببێتە ڕاپەڕین وشۆڕش هەر بۆیە دەتوانین بڵێین قۆناغەکانی سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە دەستی پێکردووە دەتواندریت ئاراستە بکرێت بەرەو ڕاپەڕین وشۆڕشی ڕزگاری لەچەوسانەوەو نابەرابەری، ڕێبازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن و دەرباز بوون لەم نەهامەتیە تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی چەپ وکۆمۆنیست وشیوعییەکانە هاوشانی خەڵکی ناڕازی تێکۆشان بۆ هێنانەکایەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی ئینسانی وسۆشیالیستی بدرێت لەبەشی داهاتوو زیاتر لەسەری دەدوێم کەچۆن دەکرێت کار لەسەرهاوتێکۆشانی و یەکڕیزی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان بکرێت و جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی خۆیانە لەو چین وتوێژانەی مەبەستیانە شۆڕشەکەیان لەباربەرن، بەشداربوان و هەڵسوڕێنەرانی ئەم شۆڕشە گرنگە بەعەزم وئیرادەیەکی شۆڕشگێرانە بێنە مەیدان و لەڕێگای کۆبونەوەی گشتی وهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی شورا شۆڕشگێرەکانیان لە شوێنی ژیان و کار ، خۆیان هەڵبژێرن ودەسەڵات بگرنە دەست و حوکومڕانی کۆمەڵگا بکەن هەمووان بەبێ جیاوازی دەستیان ڕادەگات بە هێنانەدی نان،کار،ئازادی لەسایەی ئیدارەدان وحکومەتی شورایی خودی خەڵکدا،.بەڵام تێکۆشانی هەنگاوی سەرەتایی زۆرگرینگە بۆ هێنانەکایەوەی زەمینەی تێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتووانەی کەسانی شۆڕشگێڕ وڕادیکاڵ وکۆمۆنیست وشیوعی کەلەژێر سایەی ئەڵتەرناتیڤێکی یەکگرتووانەوهاوبەشی شۆڕشگێڕانەدا دوور لەدەمارگیری گرووپ بەندی وحیزب بەندی دڵسۆزانە دەست بۆ ئەم تێکۆشانەئینسانی وکۆمۆنیستی یە بەرن بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاری وکۆمۆنیستی گەیشتنی کۆمەڵگاش بەکۆمەڵگایەکی باشتر وپێشکەوتوو...

**لەم بارودۆخەدا بەردەوام نارەزایەتی و شۆڕشی چەوساوەکان شەپۆل دەدات بۆئەوەی ببێتە ڕاپەڕین وشۆڕش هەر بۆیە دەتوانین بڵێین قۆناغەکانی سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە دەستی پێکردووە دەتواندریت ئاراستە بکرێت بەرەو ڕاپەڕین وشۆڕشی ڕزگاری لەچەوسانەوەو نابەرابەری، ڕێبازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن و دەرباز بوون لەم نەهامەتیە تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی چەپ وکۆمۆنیست وشیوعییەکانە هاوشانی خەڵکی ناڕازی تێکۆشان بۆ هێنانەکایەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی ئینسانی وسۆشیالیستی بدرێت...**

# تکایە ناتوانین هەناسە بدەین!!

**عەبدوڵا مەحمود**

جۆرج فلۆیدی ڕەش پێست، ئەوکاتەی ملی لە ژێر ئەژنۆی پۆلیسی راسیستی ئەمریکادا بوو، چەند جار وتی: تکایە ناتوانم هەناسە بدەم، کەچی هاوار و ناڵەی لە پێناو مانەوەی لە ژیاندا، بوو بەقوربانی راسیزمی هەساوپچراوی بۆرژوازی ئەمریکا، و دەنگ و ڕەنگ و بوونی بۆ هەمیشە خەفە کرا.



لەبەرامبەر بەو تاوانە دەستی ئەنقەستەی پۆلیس و راسیزامە ڕێگە پێدراوەی دەوڵەتدا، تورەیی نەفرەتی جەماوەری چەغماخەیدا و بەدەیان سەدان شاری ئەمریکا بوونە مەیدانی نمایشی، نارەزایەتی و دروشمی "Black Lives Matter".

هاوکات بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپایی بوونە مەیدانی پشتیوانی لە بزوتنەوەی دژی راسیستی دنیای نیو لیبرالیزمی نوێ.

کوشتنی جۆرج فلۆید، ئەگەر سەرەتا بووە مایەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری بەدژی راسیزم و ئاپارتایدی رەگەزی... ئەوا زۆر زوو لەپاڵ راوەستاوی جەماوەریدا بەرووی هەڵاواردنی نەژادی و سیاسەتی راسیستی دەوڵەت و رەوتە فاشیستییە هەڵاوێرد ئامیزەکان، تورەیی لە بێکاری، برسێتی، گرانی، بێخانەو لانەیی، نائامادەیی بۆرژوازی بۆ وەڵامدانەوە بە گرفتە تەندروستییەکان، بێ بەهاکردنی ژیانی تاکەکان،... ناوەرۆکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئەمریکاو ئەوروپادا، نەخشاند.

لە هەل ومەرجی ئیستای کوردستاندا، تکایە ناتوانیین هەناسە بدەین، هاواری چینی کریکار و موچەخۆران و بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردستانە.

ئەگەر پۆلیس و راسیزمی دەوڵەتی و نادەوڵەتی بۆرژوازی هاواری جۆرج فلۆیدیان نەبیست کە چەندین جار، وتی تکایە ناتوانم هەناسە بدەم، ئەوا دەسەڵاتی رەشی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوار و ناڵەی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردستان نابیستێت، کە رۆژانە هەزاران جار، دەڵێن" تکایە ناتوانین هەناسە بدەین".

خەڵکی کوردستان و لەپێشیانەوە چینی کرێکار و بەشی پیشرەوی ئەو چینە، پیویستە لەبەرامبەر بەو هەلومەرجەی چینی کرێکار و تەواوی کۆمەڵگە بینە مەیدان. بۆرژوازی لە ڕێگای دزینی و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، نەدانی موچە، بڕینی موچە، درێژکردنەوەی مانگەکان و دەستکاری کردنی رۆژمێر و ژمارەکان، بێکاری فراوان، بێدەربەستی لەبەرامبەر بە خزمەتگوازرییەکان، نەبوونی هیچ بیمەیەکی سەلامەتی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی، لە پاڵ بەڵای کۆرۆنا و کەرەنتینەی بێ نەخشە و سفری خاڵییەوە.... تاد، زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی هەناسە سوار کردووە. بۆیە پێویستە چینی کریکار و بەشی پیشرەوی ئەم چینە، ئاڵای رزگای تەواوی بێبەشانی کۆمەڵگە، بەدەستەوە بگرن و رۆڵی شایستەی خۆیان بە ئاقاری ڕامالینی ئەو دەسەڵاتەدا، بگێرن. وە هەر لە ئیستاوە درۆ و ساختەکاری بەشە نارازییەکانی بۆرژوازی کە خۆیان لەبەرگی ئۆپۆزیسیۆندا، نمایش دەکەن، لە قاو بدەن و رێگە نەدەن، کایە بە چارەنووسی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و راپەرینی جەماوەییەوە بکەن...

# ئەحمەد عەلی: پێویستە بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەم ڕۆژگارە تێپەڕێنین!!

## نامەیەک بۆ ئەوانەی خۆشم ئەوێن و ئەوانەشی کە هێشتا ئاشنایان نیم لە کوردستان.

بە داخەوە ناتوانم هەمووتان بەسەرکەمەوە وقسەکانی دڵمتان بۆ بکەم، بۆیە بۆم گرنگ بوو لێرەوە ئەم نامەیەتان بۆ بنێرم.



من لە دوورەوە بارودۆخی سەختی ئێوە لە کوردستان ئەبینم، لێرەوە کە هەزاران کیلۆمەتر لێتانەوە دوورم هاوارونالەکانتان بە دەستی برسێتی، بێکاری، سەختی ژیانی ئابووری و ستەم و نادادپەروەریەوە، ئەبیستم، جارەهای جار ئاگرێک ڕۆحم ئەسوتێنێ و نامکوژێت، بە دۆخێکی یەکجار وێرانا لە سایەی حزبی کوردیا تێئەپەڕن، بێباکی حکومەتەکەی هەرێم بڕستی لێبڕیوون، بێدەربەستی حاکمانێکی زاڵم و تاڵانچی هیچ ئایندەیەکی بۆتان نەهێشتۆتەوە، ئەوان کە خوێن و ئێستا و داهاتووی ئێوەیان تاڵانکردووە، باکیان بەوە نییە لە کوێدا ئەژین و ئەمرن، چۆن منالەکانتان گەورە ئەبێ و ئارەزووکانیان چین، بە چی ئەژین و دایکان و باوکانی بە ساڵاچوو چۆن دواین ڕۆژەکانی تەمەنیان بەڕێ ئەکەن، چیتر بۆ ئەوان کە ساڵەهایە لە سەر گۆشت و ژیان و داهاتووی ئێوە ئەژین، مانایەکی نییە.

ئەوان ژیانیان بە جۆرێک هەڕاج کردووە کە بەشێک لە ئێوەش ئیتر بۆی گرنگ نەماوەتەوە، گرنگ نەماوەتەوە چۆن بژین و کەی بمرن، بەڵام ئێوە کە بۆ ئەوان ناوێک نین، بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتووی خۆتان پێویستن.

ئێستا کە پەتای کۆرۆنا و مەرگ سایەی کردووە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا خۆتان بپارێزن و بمێننەوە، مانەوە لە مردن باشترە، ئەوەی ئەو حکومەتە بێباکە بە خەڵکی کوردستانی ئەکات هاندانە بۆ خۆکوژی، ناچارکردنی خەڵک لە ماڵەوە بە سفرەیەکی خاڵیەوە مەجبورکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی بێنە دەر، بۆ ئەوەی توشی ئەم پەتایە ببن و لەناوبچن.

ڕۆژگارێک ئەگەر ئەم مەترسیەی کە بەسەر ئاسمانی ئەم جیهانەوە دێت و ئەچێ، ئەگەر سایە بکات بەسەر کوردستاندا کارەساتێک ڕووئەدات کە هەرگیز لە مێژووی ئەو جوغرافیایەدا ڕووینەدابێ، ئەو کاتە ئەوان هیچیان نیە لە دەستیدەن و ئەڕۆن، ئەوەی جێئەمێنێ ئێوەن، بەڵام ئەم جەلاد و تالانچیانە پێویستە خەڵکی لایانبا پێش ئەوەی هەرچیەک ڕوودات، خۆتان لەم مەرگە حەتمیەی کۆرۆنا بە دووربگرن، یەکتری بپارێزن و ئاگاتان لە خۆتان بێت، دۆخی کوردستان بەرەو کارەسات مل ئەنێت، کارەساتێک کە تەنیا ئێوەمانانن تیایا زەرەرمەند ئەبن.

من تکاتان لێئەکەم لەوە تێبگەن کە ئێستا چی ڕووئەدات، تێبگەن چی بەڕێوەیە، بەشێکی خەڵک لەوپەڕی ناهۆشیاریەوە باوەڕ بەم ڕاستیە ناهێنن، بەشێکیان لەوپەڕی ئاگاییەوە حاشای لێئەکەن و بەشێکیشیان بە پلان و لە ژێر پەردەی دژایەتیکردنی حزبە کوردیەکان، هانی خەڵکی بۆ ئەم مەرگە بە کۆمەڵ ئەدەن. ئێستا پێویستە بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەم ڕۆژگارە تێپەڕێنن، بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەم مافە خوراوەتان وەرگرنەوە، بەڵام پێش هەموو شت پێویستە ئێوە خۆتان زیندوو و سەلامەت بن. تکایە ئاگاتان لە خۆتان بێت ، خۆشم ئەوێن.

**ئەحمەد عەلی**

06.06.2020

**بۆرژوازی لە ڕێگای دزینی و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، نەدانی موچە، بڕینی موچە، درێژکردنەوەی مانگەکان و دەستکاری کردنی رۆژمێر و ژمارەکان، بێکاری فراوان، بێدەربەستی لەبەرامبەر بە خزمەتگوازرییەکان، نەبوونی هیچ بیمەیەکی سەلامەتی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی، لە پاڵ بەڵای کۆرۆنا و کەرەنتینەی بێ نەخشە و سفری خاڵییەوە.... تاد، زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی هەناسە سوار کردووە...**

بۆپێشەوە FORWARD



# کرێکاران خوازیاری شۆڕشن

ڕامیار ڕەزایی

کرێکارانی کۆمۆنیست خوازیاری هاتنە ئارای شۆڕشن، بەڵام کامەو چ جۆرە شۆڕشێک. چینە جۆراوجۆرەکانو پێکهاتە سیاسیو کۆمەڵایەتییە هەمەرەنگەکان (شۆڕش) بەماناو واتای جیاواز بەکار دێننو لە قەڵەمی دەدەن. دنیای ئێمە هەموو جۆرە شۆڕشێک و هەموو جۆرە شۆڕشگێڕێکی بە خۆوە بینیوە، واتە هەر تاکێک یان هەر ڕەوتێک کە لە هەوڵی ئەوەدابێ بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی لە پڕو ئاشتی نەخوازانە بگۆڕێ، پرسی هاتنە ئارای شۆڕش دێنێتە گۆڕو خۆی وەک شۆڕشگێر پێناسە دەکات. زۆربەی ئەو شۆڕشانە ئێرتیجاعینو نالەبارترینو دواکەوتووترین بارودۆخ وەک شۆڕش لە قەڵەم دەدەن. دیکتاتۆرترینو ناپاکترین کەسەکان ناوی شۆڕشگێڕیان لەسەر خۆیان داناوە. کرێکارانی کومونیست سەرەکیترین دوژمنی بەردەوامی ئەو بە ناو شۆڕشو شۆڕشگێڕانەن. ژمارەیەکی دیکە لەو شۆڕشانە پرسێک زیاتر لە ئیسلاحاتی بەرتەسک لە بارودۆخی زاڵدا نینو ناتوانن بن. ڕزگاری لە چەوسانەوە، وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری، پلاندارێژیو باشتر بوونی ڕادەی بەرهەمهێنان، دابەشکردنی عادلانەتری سەروەتو سامانو هتد. ناوەرۆکی سەرەکی زۆرێک لە گۆرانکاریەکان بووە، کە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا لە ژێر ناوی شۆڕش هاتۆتە ئاراوە. لە هەموو ئەو نمونانە بنیاتی موناسباتی ناو کۆمەڵگەو تەواویەتی نیزامێک کە هۆکاری زوڵم و زۆرو بێبەشییەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بووە بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوەو ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. چەند دەیەی ڕابردوو شایەتی شۆڕشی جۆراوجۆری بەمجۆرە لە زۆربەی وڵاتانی داگیرکراو بووە. ئەمرۆکە ئەگەر سەرنج دەدەینە ئەو وڵاتانەو ئاورێان لێدەدەینەوە، دەبینین تەنانەت نیشانەگەلێک لەو گۆڕانکاریە بەرتەسکانەش کە بەهۆی شۆڕشەوە هاتۆتە ئاراوە، ئاسەوارێکی لێ نەماوەو عەقڵیەتی نیزامی سەرمایەداری، جارێکی دیکە ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە لە حاڵێکدا کە بنەمای سەرمایەو سەرمایەداری لەسەر پێیە، خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش چارەنووسیان تەنیاو تەنیا بێبەشیو بێمافی سیاسیو کۆمەڵایەتییە.

خاڵی هاوبەشی هەموو شۆڕشە درۆیینەکان ئەوەیە کە لە ژێر تەئسیری ئامانجو بەشێک لە خودی چینەکانی حاکم بیچمیان گرتووەو ڕێبەریی سیاسی و پراکتیکی ئەوان هەر لەو کەسانە پێک دێت.

کرێکارانو زەحمەتکێشان هەردەم وەک هێزی زەخیرەو یارمەتیدەر کێشراونەتە مەیدانو خەباتیان کردووەو لە خۆبردوویی بێوێنەیان لە خۆیان نیشان داوە. بەڵام ئاکامەکەی تەنیاو تەنیا دەستاودەست بوونی دەسەڵات لەناو خودی چینی سەرمایەداردا بووەو، تەنیا شکلێکی تازە بۆ ئیدارەکردنی نیزامی چەوسێنەر دروست بووە. لە زۆربەی نمونەی ئەو شۆڕشانەدا کرێکاران یەکەمین کەسانێک بوون کە لەلایەن ئەو دەسەلاتە تازانەوە سەرەرای ئەوەی کە خۆیان لە ریزی پێشەوەی شۆڕشەکەدا بوون چەوساونەتەوەو شۆڕشەکە بۆتە ئامرازێک بۆ سەرکوتی کرێکارانی زەحمەتکێش.

بۆیە بەو ڕاستیە دەگەین کاتێک کرێکار باس لە شۆڕش دەکاتو ئەو پرسە دەوروژێنێ، دەبێ ئاگاداری ئەوەبێ کە چ ئامانجێکی هەیەو لە چ ڕاستایەک هەنگاو هەڵدەگرێ. ئێمە خوازیاری شۆڕشی کرێکاری بەدژی هەموو نیزامی سەرمایەداریو هێزی چینی سەرمایەدارین. ئێمە خوازیاری شۆڕشێکی کۆمۆنیستین کە کۆمەڵگە لە بنەڕەتەوە بگۆڕێو بەشیوەی بنەمایی کێشەکان چارەسەر بکات.

شۆڕشی کرێکاری چ ئامانجێک دەپێوێ؟؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناخی نیزامی سەرمایەداریدا خۆی حەشار داوە. هەر کرێکارێک ئەگەر بۆ ماوەی دە خولەک ئاوڕ لە بارودۆخی خۆی بداتەوەو بیری لێبکاتەوە، دەزانێ کێشەی سەرەکی چییە کە دەبێ چارەسەر بکرێ، هۆکاری سەرەکی چەوسانەوە و هەموو کێشەکان نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداریە. ئەم کۆمەڵگەیە سەرەوژێرە. بەرهەمهێنەرانی سامانی کۆمەڵگە، کرێکارانی بێمافنو ئەوانەی کە هیچ ڕۆڵێکیان لە بەرهەمهێناندا نییە سەروەتو سامانیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو مافی کرێکاران پێشێل دەکەن. زاڵمترینو مفتەخۆرترین کەسەکان، دەسەڵات بە دەستنو شەریفترین کەسەکان خەڵکی زەحمەتکێشو بێدەسەلاتو بێمافن، کە زوڵمیان لێدەکرێ. ئەوان تەمەنێک ڕەنجو ئازاریان بە گیان کڕیوەو زەحمەتیان کێشاوەو تەنانەت دوای 30 ساڵ کاری تاقەت پڕوکێنو بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان دەبێ سەر لە نوێ بۆ کارەکانیان کڕیار بدۆزنەوە.

کرێکاران لە بەرهەم و قازانجی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری سەرمایە ڕۆڵی سەرەکیان هەیەو خۆیان لە هەمووی ئەوانە بێبەشن. بۆ مانەوەی ئەم کۆمەڵگە سەراوژوورە، دەولەت هاتە ئاراوەو ئەرتەشی زۆر دامەزرانو زیندانو ئەشکەنجەگاکان بنیاتنرانو خواوەندەکان دروستکرانو ئایین هاتە مەیدانەوە. پرسەکە وەک ڕۆژی ڕوون ئاشکرایە. ئەم کۆمەڵگەیە وەک کۆیلەداری وایە واتە کۆیلەداری حەقدەست. هیچ ڕادەیەک لە پێشکەوتنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیو بیمەکانو زیادکردنی داهاتی کرێکاران کە هێشتاکە هەموویان دەبێ بە خەباتو بە زۆر لە گەروی چینی حاکم بێتەوە دەر، لە بنەڕەتدا ئەم بارودۆخە کۆیلەداریە ناگۆڕێ.

هەموو هەڵاواردنە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانو گەندەڵیو فەسادی ئەخلاقی کۆمەڵگەی ئێستا، لەتوندوتیژی بە دژی ژنانو هەڵاواردنی ڕەگەزی تا ئیعتیاد و فەحشا، لە ڕکەبەریو بەرژەوەندیخوازی تاکەکەسی کە لە ناخی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، تا برسیەتیو قاتیو قڕیو نەخۆشی کە هەر ڕۆژە میلیونها ئینسان دەکاتە قوربانیو گیانیان لێدەستێنێ، هەموو ئاکامی ئەم سەراوەژوورییو ناعەدالەتیەی کۆمەڵگەیە کە سەرمایەدارانو سیستمی سەرمایەداری لەم نێوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. کۆمەڵگەیەک کە ساحیبانی سەرەکیو بنیاتنەرانی، کرێکارانی زەحمەتکێشو دیلی کۆیلەیی حەقدەستن. شۆڕشی کرێکاری دەبێ لە پێناو ڕووخانی بنەمای ئەم کۆمەڵگەیە هەنگاو هەڵگرێ. بنیاتی ئەم نیزامە، مالکیەتی خسوسی کەمایەتییەکە بۆسەر کەرەسەی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا. بەهۆی ئەوەی کە ئینسانەکان ناچارن بۆ بە دەستهێنانی پاروە نانێک بۆ کەسێکی دیکە کار بکەن کە کەرەسەی بەرهەمهێنانیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەهۆی ئەوەی کە بەرهەمی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگای بەرژەوەندیو قازانج گەیاندنی ساحیبانی چەوسێنەرو مفتەخۆری کەرەسەی بەرهەمهێنان مومکینە (دەلوێ)، باسێک لە ئازادیو بەرابەری ئینسانو لە ناوبردنی بێبەشیو هەڵاواردنەکان ناتوانێ بێتە ئاراوە، شۆڕشی کرێکاری لە بنەڕەتدا، خۆی شۆڕشێکە بە دژی مالکیەتی خسوسی چینی سەرمایەدار بۆسەر کەرەسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکە بۆ دامەزراندنی مالکییەتو کۆنترۆڵی هاوبەشو دەستەجەمعی بەرهەمهێنەران بۆسەر کەرەسەی کارو بەرهەمهێنان. شۆڕشی کرێکاری شۆڕشێکە بۆ نەمانی چین و چەوساندنەوەی چینایەتی.

بورژوازی بە زمانی خۆش دەست لە دەسەڵات هەڵناگرێو بوار بۆ چەوساندەوە خۆش دەکات. بۆیە دەبێ شۆڕش بکرێ، حکومەتێکی کرێکاری دابمەزرێ کە بەرگری چەوسێنەران تێکبشکێنێو ڕێگە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چەوساندنەوە کە هیچ پێویستیەکی بە هیچ حکوومەتو زوڵمو خورافاتێک نییە برەخسێنێ.

بۆ کرێکارانی کۆمۆنیست، شۆڕش بە واتای خروشانو ڕاسانی چینی کرێکارە بۆ بە پراکتیککردنی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە گەورە کۆمەڵایەتیانە. خەباتێک بۆ ئازادی، بەرابەریو حکوومەتی کارگەری. ئەگەر کرێکار دەیەوێ بێتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، دەبێ هەڵگری ئەو داخوازیانە بێ. دەبێ وەک ڕێبەری ڕزگاری هەموو کۆمەڵگە بێتە مەیدان. دەورانی پەلکێشکردنی کرێکاران بە دوای ئەمو ئەو بە سەر چووە، جەرەیانی کۆمۆنیستی لە ناخی چینی کرێکار ئەوەی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی کە کریکاران بەو شێوەو لە ژێر چەترێکی گشتگیر کۆ بکاتەوەو جموجۆڵی کرێکاران بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیو بەرێوەبردنی شۆڕشی کرێکاری ڕێک بخات.

ئەگەر پرسێک سەمپاتی کۆمۆنیستی، لە باقی گەرایشات لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا جیا دەکاتەوە هەر ئەو هەوڵە بۆ جێگیرکردنی ئارمانی شۆڕشگێرانەی کارگەری لەناو چینی کرێکارو ڕێکخستنی هێزی ئەم شۆڕشەیە. کرێکاری کۆمۆنیست لە ریزی پێشەوەی هەر خەباتێکە کە بۆ باشتر کردنی بارودۆخی کارو ژیانی کرێکاران ڕێک دەخرێو ئامانجی ڕزگاری چینی کرێکار لە دەست زوڵم و چەوساندنەوەیە. بەڵام کرێکار لەو خەباتەدا ئامانجێکی دیکەو بنەڕەتیتریشی هەیە. بە بڕوای ئێمە بە هاتنە ئارای ئەم خەباتانەو هاتنە ناو مەیدانی کرێکارانە کە ئەوان خۆیان وەک چینێک دەناسنو بەو وشیاریە دەگەن کە خاوەنی چ هێزێکنو ڕێگەی ڕزگاری خۆیان دەدۆزنەوەو لەگەڵ شۆڕشی کرێکاری بە دژی هەموو نیزامی ئابووریو کۆمەڵایەتی مەوجوود ئاشنا دەبن. ڕێکخەرانی شۆڕشی کرێکاری کارێکی تایبەت بە داهاتوو نییە بەڵکوو هەر ئێستاکە بوونی هەیە. لە هەر شوێنێک یەکگرتوویی کرێکارانو وشیاریان سەبارەت بەوەی کە ئەندامانی چینێکی جیهانین بچێتە سەرێو پتەو بێ، لە هەر شوێنێک کۆمۆنیزم وەک دوورنمای شۆڕشی کرێکاری لە نێوان کرێکاران خۆی دەرخات. بە هاتنی هەر کەسێک بۆ ناو ئەم ریزە لە خەبات واتە کۆمۆنیزمو ئامانجەکانی چینی کرێکاردا هەنگاوێک لە شۆڕشی کۆمۆنیستی نیزیکتر دەبینەوە. سلولو مەحافلی کۆمۆنیستی کرێکاری کە ئەمرۆکە دادەمەزرێن لە دوارۆژدا دەبنە دامەزراوەکانی ڕێبەریی شۆڕشی کرێکاریو پایەکانی حکوومەتی کرێکاری دادەمەزرێنن.

هیچ کەس لەوە گومانی نییە کە حکوومەتو پایەکانی ئابووری سەرمایەداری لە ئێران تووشی قەیرانێکی قووڵ بووەو کۆمەڵگای ئێران لەحاڵی گۆڕانکاری چارەنووسسازدایە. درەنگ یان زوو کێشمەکێشی چینە کۆمەڵایەتیەکان لە ئێران شەپۆلێکی تازە بە خۆووە دەبینێ. ئەحزاب و هێزە بورژوازیەکان، چ لەناو حکومەتی ئیسلامی داو چ لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتە خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو و بۆ ڕکەبەری لەسەر دەسەڵات ئامادە کردووە. ئەم جارە ئێمە دەبێ زەمانەتی ئەوە بکەین کە چینی کرێکار وەک هێزێکی سەربەخۆ، لەژێر ئاڵای خۆیو بە ئامانجو ئارمانی شۆڕشی کرێکاری دێتە مەیدانو بێگومان دەتوانین ئەوە بخەینە خانەی پراکتیکەوە. جەریانی کۆمۆنیستی لەناو چینی کرێکار جەریانێکی بەهێزە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر ئێستاکە پایەکانی خۆی لەناوناخی چینی کرێکارو بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی کرێکاران پتەو کردووە کە دروشمو ئاسۆکانی هەر ئێستاکە ڕێگای خۆی لەناو توودەی بەربڵاوی چینی کرێکار دا کردۆتەوە.

ئاورێک لە یاسای کاری ئیسلامی، حاڵو ڕۆژی شوورا ئیسلامیەکان بدەنەوە، سەرەنج بدەنە داخوازیەکانی کرێکاران، هەموو بەڵگەی بوونی رادیکالیسمی بە هێزی کرێکارین کە لە دوای شۆڕشی ٥٧ بەو لاوە بیچمی گرتووە.

پلانو بەرنامەی ئێمە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، ڕێگە چارەکانمان بۆ نەمانی چەوساندنەوەو ڕزگاری هەموو چینی کرێکارو زەحمەتکێش، دروشمو داخوازییەکانمان ڕوونو ئاشکرایە. دروشمی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری، واتە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران، هەر ئێستاکە لە ناو دڵی تودەی بەربڵاوی چینی ئێمە واتە چینی کرێکاردا جێگرتووە.



تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێردراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

پرسی ژن

؟

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت:
shwana.journalist@gmail.com

# "تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بیرۆکەی شەڕەف"

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

میدیا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە پرۆسەی فەرمانڕەوایەتی و دروستکردنی ئایدیۆلۆژیا و کەلتوور بۆ بڕیاردان. هەروەها میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و گۆڕینی بۆچوونی خەڵک دەربارەی ڕۆڵی جێندەر و بیرۆکەی شەڕەف. بەجۆرێک، میدیا دەسەڵاتی چوارەم پێک دەهێنێت. چۆنیەتی بەکارخستنی (بەگەڕخستنی) ئەم دەسەڵاتە گرنگی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لەو سنوور و لەمپەرانەی کە خراونەتە بەردەم تێکۆشانی ئافرەتی کورد بۆ ئازادی و یەکسانی جێندەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

لە ماوەی دەیەی ڕابردوو، تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی نوێ کاریگەری بەهێزی هەبووە لەسەر ژیانی تاکەکان لە کوردستانی عێراق، لە دروستکردنی پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان خەڵک. میدیای ئینتەرنێتی، کە گشت جۆرەکانی بڵاوکراوە و کارلیکەکانی سەر ئینتەرنێت لە خۆدەگرێت، کاریگەری دووتوێیان هەیە لەسەر ئافرەتان. لە لایەکەوە، بۆشاییەکی نوێیان بۆ ئافرەتان دروستکردووە بۆ گەیشتن بە جیهانی دەرەوە و بەشداربوون لە جۆرێکی تری کارلێککردن. لە ڕێگەی ئەم بۆشاییە نوێیە و جۆری پەیوەندیەوە، ئافرەتان توانیویانە بێدەنگی بەرامبەر توندوتیژی جێندەری بشکێنن، لە نێویاندا تاوانەکانی لە ژێر ناوی شەڕەف، وە توانیویانە ئەو جوگرافیایە تێبپەڕێنن کە تێیدان، بەشداری بکەن لە دیبەیتی ئینتەرنێتی و دروستکردنی تۆڕی هاوسۆزی و بەشداریکردن لە سکاڵانامە و کامپەینی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، لەسەرووی هەمووشیانەوە کارێکی وابکەن کە دەنگیان ببیسترێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەم جۆرە نوێیەی پەیوەندی و کارلێککردن ئافرەتانی ڕووبەڕووی ئاستەنگی نوێ کردۆتەوە، کە بە پشتبەستن بە بنەمای شەڕەفەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی نوێیە بۆشایی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی پێکهاتەیی و نەریتە کەلتووریەکان و شێوازی باوکسالاری کارلێککردن کە بۆتە هۆی توندوتیژی لەسەر بنەمای شەڕەف.
بەهەمان شێوە بۆتەهۆی سەرهەڵدانی "کاراکتەری نەناسراو" کە یاری لەسەر بنەمای شەڕەف و هاوکێشەی شەڕەف و لەکەدارکردن دەکەن. دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل بونەتە هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و ئارەزوویەکی بەهێز بۆ قسەوقسەڵۆک و ویست بۆ "لەکەدارکردن". ئەوە گرنگ نییە کە ئەو ڕاپۆرتانە ڕاست بن یاخود ناڕاست، کێشەکە ئەوەیە هەبوونی بابەتێکی لەو چەشنە لە فەزای گشتی، ژیانی ئەو ئافرەتانە دەکەونە مەترسیەوە، لەنێویاندا کوشتن لە ژێر ناوی شەڕەف.

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژیە بوونەتەوە بریتین لە کەسایەتی دیار، کە متمانەی خەڵک پێیان و وێناکردنیان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێگەی گشتیان. لە کۆمەڵگایەک کە ئابڕوو و متمانەی خەڵک بەرچاوترین سەرمایەیە بۆ ئافرەت، دوورنیە کە ئەو ئافرەتانە و خانەوادەکانیان دەخرێنە ژێر فشاری بەکۆمەڵ کە لەوانەیە بە گۆشەگیرکردن، خۆکوشتن وە تەنانەت کوشتن کۆتایی بێت لەوکاتەی کە ئەندامە نێرەکانی خانەوادە بڕیاری پاککردنەوەی شەڕەفی خێزانەکەیان دەدەن.



یاریەکە" بڵاوکردنەوەی وێنەی 'لەکەدارکەر' و 'دەستکرد' و ڤیدیۆی ئافرەتان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل لەخۆدەگرێت، وە نووسینی ڕاپۆرت و بابەتی ناوزڕێنەر لە دژیان لە خۆدەگرێت کە لەسەر ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە، هاککردنی هەژمارە تایبەتیەکانیان لە تۆڕی فەیسبووک و ئیمەیلەکانیان و بڵاوکردنەوەی داتا نهێنیەکانیان و هەڕەشەلێکردنیان و بەدواکەوتنیان و بەکارهێنانی چەوساندنەوەی سایکۆلۆژی و سۆزداری. لە ڕووی سیاسەتێکی وردی گەوجاندن (دیمەگۆجی)، دەیانەوێت هەستی خەڵگی گشتی بوروژێنن، توڕەیان بکەن و هانیان بدەن بەرامبەر بە ئافرەتان.
ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە نوێیە لە توندوتیژی بریتیە لە بەگەڕخستنی هێز، خستنی ئافرەت بۆ ژێر سیستەمی کۆنترۆڵکردن و چاودێری و پەلاماردان و تۆقاندن. بەهەمان شێوە، ئەم جۆرە هێرشانە بەشێوەیەکی سەرەکی ئافرەتانی بەرچاو لە کایەی سیاسی و میدیا و چالاکوانان دەگرێتەوە، ئامانج لێی بێدەنگ کردن و پەراوێز خستنیانە. لە کۆمەڵگایەک کە شەڕەف و ئابڕوو بە بەهاترین سەرمایەی ئافرەت ئەژمار دەکرێت، ئامانجی سەرەکی هێرشبەرانی تۆڕی ئینتەرنێتی بریتیە لە لەکەدارکردنی هەمیشەیی و ئابڕووبردن، کە لەوانەیە ببێتە سەرچاوەی کوشتن، بەشێوەیەکی سیمبوڵی یاخود ڕاستەقینە.

ئەو بارودۆخە چالاکوانانی مافەکانی ئافرەتانی سەرقاڵ کردووە بە ڕێکخستنی کامپەین لە دژی ئەم جۆرە کردارانە و داخوازی کردن لە دەسەڵات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری نوێ بۆ پاراستنی ئافرەتە بەئامانج کراوەکان. لە ساڵی ٢٠٠٨، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ [قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن] پەسەندکرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوزڕاندن و خراپ بەکارهێنانی ئامرازە نوێکانی پەیوەندیکردن. ئامانج لە یاساکە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردنە، بەتایبەتی ئەگەر ببێتەهۆی لەکەدارکردن و پێشێلکردنی "ژیانی تایبەتی" کەسەکان و دروستکردنی مەترسی بۆسەریان. بەڵام، توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن، هەمووکات بەدۆکیومێنکردنی بەڵگەی لەم جۆرە چەوساندنەوەیە و جوڵاندنی پۆلیس و دادوەری بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری چەوساندنەوەی ئینتەرنێتی بوون، ئاسان نییە.

بەدەنگەوەهاتنی دەسەڵاتەکان، لەسەر هەردوو ئاستی یاسادانان و پۆلەسی، بۆ ئەم جۆرە نوێیە لە توندوتیژی ئینتەرنێتی چڕوپڕ نەبووە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەش دەردەخات کە میدیا لە کوردستان نەیتوانیوە ستراتیژیەتێکی پەرەسەندووی یەکسانی جێندەری پەیڕەوبکات بۆ لەخۆگرتنی ڕێکاری میدیایی پرۆفێشناڵ بەستانداردی نێودەوڵەتی، لەنێویاندا ئیتیکی پیشەیی و بابەتی بوون، دروستی و یەکسانی...

## دزی و تاڵانی لەزمانی خۆیانەوە...

کاروان گەزنەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەپەیجی خۆیدا نوسیوویەتی "حکومەتی هەرێم لەهەر سەبەتەیەکی خۆراکی کە مانگی ڕابردوو دەستیکرد بەدابەشکردنی بەسەر کەمدەرامەتان و هەژاراندا ٢٠دۆلاری دیار نییە، بەوپێیەی بەهای هەر سەبەتەیەک ٥١ دۆلارە. ".
ئاماژەی بەوەشداوە "حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندبوو کە٢٠٠هەزار سەبەتەی خۆراکی بەسەر کەمدەرامەتان و هەژاراندا دابەشدەکات، کە بەهای هەر سەبەتەیەک ٥١ دۆلار دەبێت، بەڵام دوای بەدواداچوون دەرکەوتووە تەنها ٣١ دۆلار بۆئەم سەبەتانە خەرجکراوە، بەم پێیەش لە هەر سەبەتەیەک ٢٠ دۆلار دیار نییە."
ئەمە کارنامەی دەسەڵاتێکە لە زمانی خۆیانەوە. لەهەر سەبەتەیەکی خواردن، ٢٠ دۆلار دەدزن. دەبێ لێرەدا بپرسین، ئەگەر لە هەر سەبەتەیەک خواردنی هاوڵاتیان کە نرخەکەی بایی ٥٠ دولار بێت، بیستی بدزن... دەبێ لە فرۆشتنی نەوت، بازرگانی، و داهاتەکانی تری خەڵکی کوردستان چ دزییەک بکەن و چ سەروەتێک پیکەوە بنێن. ئەم دەسەڵاتە یەکێک لە پایەکانی دزی و تلاانی بێ سنوری بێ وینەیە لە دنیادا، وە لەسەر ئەم دزی و تالانیەش، لە پاڵ دەیان دۆسیەی تری شەرماوەرییان، پیوستە لە راپەرینی جەماوەریدا، ماڵ و سامانی ئەم حزبانەو بەرپرسەکانیان، دەستی بەسەردا بگرێت و بۆ خەزێنەی گشتی و داهاتی وڵات بگێردرێتەوە.

## 27 دەفتەر دۆلار بۆ ریکلامی پۆست...

کۆمپانیای فەیسبوک ژمارەیەک پەیج و ئەکاونتی کوردی داخست، کە بەبڕی ٢٧ دەفتەر دۆلار ریکلامیان بۆ پۆستەکانیان کردووە. هاوکات ئاماژهی بۆ ئەوە کردووە کە ئەو پەیجو ئەکاونتانە سەر بەدەزگای زانیاریارین..
بەپێی ڕاپۆرتی مانگی ٥ی ٢٠٢دا کۆمپانیای فەیسبوک بڵاویکردۆتەوە کە کۆمەڵێک پەیجو ئەکاونتیان بەتەواوی سڕیوەتەوە کە بریتین لە: ٣٢٠ پەیج، ٧١ ئەکاونت، ٥ گروپو ٣١ ئەکاونتی ئیسنتاگرام.
کە ئەو پەیجو ئەکاونتانە چوار ملیۆنو چوارسەد هەزار کەس لایکو فۆڵۆیان کردونو بەبڕی ٢٧ دەفتەر دۆلار ریکلامیان بۆ پۆستەکانیان کردووە.
بەس ریکلام بۆ پۆست ٢٧ دەفتەر دۆلاری بۆ سەرفبکرێت لەلایەن دەزگایەکی هەواڵگری و جاسوسیەوە، دەبێ دەزگای پاراستن، دەزگای دژە تیرۆر، بەرپرسە باڵاکانی تر حزب، چەند بلۆک دەفتەریان بۆ لایک و ریکلام بۆ پۆستەکانیان و بۆ ئەدمینی فەیس بوکی و سایت و ... تەرخان کردبێت... پرسیار ئەوەیە ئەو سامانەتان لە کوێ هێنا؟

**لینیکی ڕاپۆرتەکە:**

https://about.fb.com/.../.../06/May-2020-

# پۆستکردنی نامەیەکی ڤانکوخ و نهێنی یەکی شاراوە..*

## جەمال نوری



ژیانی ڤانکوخ هونەرمەندی هولەندی، بێبەری نەبووە لەتەنگەچەڵەمەیی و ئازارو بەرهەڵستکاری و خۆشەویستی. هونەرمەندی جیهانی ڤانکوخ لەژیانیدا جگە لە تیۆی برای بەردوو کەسی تریش کەوتوە لەبواری هونەر کێشاندا زۆر لەگەڵ کۆگانی هونەرمەندا بووە هەرچەندە سەر بە دوو مەدرەسەی هونەری جیاواز بوون لەبواری داهێناندا، لای ڤانکوخ بیرو سروشتی واقیع داینەمۆی کارکردنی هونەرییە، بەڵام لای کۆگانی ژنە هونەرمەندی هاوڕێی فەنتازیا، خەیاڵ تەنهاو تەنها هونەری کارکردنی بووە، بەکورتی ژیانی هونەری ڤانکوخ تواناو داهێنانی ئەتمۆسفیری لە ژیانی خۆی و ماڵە هەژارو توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا داڕشتوە، پێش مەرگی ڤانکوخ نامەیەک دەنوسێ بۆ براکەی بەڵام خۆی دەمرێت و پاشان دوای شەش مانگی دواتر تیۆی براشی دەمرێت ئەو نامەیەی گوێچکە بڕاوەکەی ڤان کوخی تیدابوو، کوڕی پۆستەچیەکە دوای دۆزینەوەی بیست کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەونامەیە دەگاتە دەستی گۆگان ژنە هونەرمەندە هاوڕێ چەنە بازەکەی. ڤانکوخ خۆی بۆ گوێچکە بڕینەکەی دەڵێ هەر لە خۆمەوە دەمەو بەیانیەک بە گوێزانی ڕیشتاشین گوێچکەیەکی خۆمم بڕی، ئەوشتە ناشرینەکان لەلای هونەرمەند جوانتر دەنوێنێ لە شتە جوانە باوەکان، هەربۆیە ڤانکوخ وای کرد و ویستی بە ناشرینکردنی دەم و چاوی جوانتر و جیاوازتر بنوێنێ، بۆیە لە سینەماکاران کە لەساڵی 2017 دوای 5 ساڵ فلمی Loving viensnt بە بەشداری 65 هەزار لە تابلۆکانی ڤانکوخ لەلایەن هونەرمەندانی ترەوە بەشداریانکردووە بە کێشانەوەی تابلۆکانی ڤان کوخ، بەڵام بەشێوەی جوڵاو.

* وەڵامە شیعرێکمە لەسەر گوێچکە بڕینەکەی ڤانکوخ پێشکەشی هاوڕێی شاعیرم ژەنەڕاڵی پایزم کردوە، چون ژەنەڕاڵی پایزیش بۆ ڤانکوخ شیعرێکی نووسیوە و ئاماژەی بە گوێچکە بڕاوەکەی ڤانکوخ کردووە.

**(محمد عومەر عوسمان) "ژەنەڕاڵی پایز"**
**دەڵێ:**

**داخی "گۆگان "بوو من گوێی خۆم بڕی**
**یاخود بەتەنیا خواستی" ڕاشێڵ" بوو**
**دەرگای شێتخانە خۆم نەمکردەوە**
**بەردە بارانی خەڵکی کلیل بوو..**

**لەدەرهێنانی کۆپل شیعرەکەی ژەنەڕاڵی پایزدا،**
**بەندە (جمال نوری) بەم کۆپلە شیعرە.**
**دەڵێم :**

**ئەو گوێی خۆی بڕی و بەنامە ناردی**
**لە جیاتی "گۆگان"،**
**ئەو حەزی وابوو، بە" ڕاشێڵ" بگات**
**بەبڕینی گوێچکەو پۆستکردنیشی**
**نە ڕاشێڵ پێی گەیشت، نەگۆگان زانی**
**جوانیی ڕاشێڵ بوو ئەو گوێی خۆی بڕی**
**یا عەشقی شێتانەی جیاواز لەخەڵکی**
**بەبڕینی گوێچکەی**
**،سروشتی عەشقی بەرامبەرمەرگ**
**لاوازی نەکرد بڕوای نەگۆڕی**
**لەدواجارا،**
**هەر ئەو پێی گەیشت ...!**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەری کرێکاریی و پێشکەوتنخواز، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشەکاوان قادر، هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**




## بەشێکی تر لەقەسیدەی ئاهێکی سەرد

**لێرەوە یاخی بونی خۆم ڕادەگەیێنم**
**بەدایکم. دەڵێم ئیتر لەکاتی نوێژ**
**کردندا**
**ڕونەکاتە قیبلە**
**پەنجەی شایەتومانی نەجوڵێنێت**

**لێرەوە تەنیایی. خۆم ڕادەگەیێنم**
**بێزاری خۆم**
**بەقەڵەمێکی مۆردەنوسمەوە**
**غەریبی خۆم وەك گەڵای دار**
**بەڕویەکی تەنیا هەڵدەپاچم**
**لێرەوە یاخی بوونی خۆم ڕادەگەیێنم**
**شێتی خۆم بۆ ڕوبارێکی سەر**
**هەڵگرتو دەگێڕمەوە**

**کەسێکم نەدی ئاو بژەنێت**
**باران ژیر کاتە وە**
**خوایەك لە بەفر دروستکات**
**عیسایەك لەدار داتاشێت**

**ئەوەی منی کوشت تۆنەبویت**
**ئەو بەیانیە بوو کەبەلاما دەڕۆشت و**
**ئاوڕێکی لێ نەدەدامەوە و**
**ئەو منالە سواڵکەرە بوو**
**کە بەبێ لێدانی دەرگا دەهاتە ژورێ**
**و**
**شەڕی شکانی ئاوێنە و**
**ئەتك کردنی ئینجانە کانی**
**پێدەفرۆشتم**

**ئەوەی خۆمی لەخۆم جیادەکردەوە**
**تۆ نەبوویت**
**کوژرانی ئەو چۆلەکانە**
**بوون کەلەپرسەی**
**نامە ئەرخەوانیەکانی خوادا دایان**
**دەگیرساندن**
**وەك کراسی بەری ژنە شەهیدێك**
**هەڵیان دەگێڕانەوەو**
**چەند جارێکیش ئەم دیوە و**
**دیویان پێدەکردن**

**ئەوەی منی ترساند تۆ نەبوویت**

**ئەو ئێوارەیە بوو**
**کە بانگیان تیا نەدەدراو**
**پاساری خەونە کاڵەکانم باڵە فڕەیان**
**تیا نەدەکرد**
**نازانم نا ئەم لاشە مردووەم چۆن**
**چۆنی بنێژم**
**ئەم ڕۆحە شەکەتەم لەچ تابوتێکا**
**زیندانیکەم**
**ئەم سێبەرە شکاوە چۆن لەخۆم**
**بتۆرێنم**

**ئەوەی منی کوشت تۆ نەبوویت**
**ناڵە ناڵی ئەو دەروێشە چاو شینە**
**بوو**
**کە شەوانە شەڕی لەگەڵ**
**ئیبلیسدا دەکرد و**
**بەیانیانیش ڕۆحی**
**بەشمشێرەکەیدا هەڵدەواسی**
**منێك من چۆن چۆنی بەلای کوژرانی**
**خۆما بڕۆم و**
**خۆمم پێ هەڵنەگیرێت وە و**
**دەستە تەزیوەکانم**
**لەگیرفانی شەرواڵە شڕەکەمدا**
**بۆحەشار نەدرێت**

**ئەوەی منی، گریان تۆ نەبوویت**
**ئەم قەدەرە شوشەییەی خۆم بوو**
**کە زوو زوو هاڕەدەکات و**
**دەم تاسێنێت**
**منێك من**
**چۆن چۆنی ئەم هەناسە شکاوانەم**
**لەیەك بەمەوە**
**لەکوێ لەم وەرزی ونبونەمدا**
**بەفرێك دادەکات**
**ئاخر ئەم بایە چۆن چۆنی**
**دەبێتە گۆرانی**
**ئەم بارانە چۆن دەبێتە ژمارەی هیچ**

**حەکیم میرزا**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر



## تەوزیفی بوون لە شیعری ڕەشید سیوەیلی دا

جەمال نوری

شیعرێک.. لە بوعدێکی فەلسەفیدا، خۆی نمایش دەکات، نمایشکردنێ لە "خود" دەست پێدەکات، دەستپێکی مەدلولەکانی شاعیر سیغناخە لە ئاوێتە بوونی"بوون" واتە وجود، لێ کام بوون؟ ئەو بوونەی کە سەراپا لە جەستەیەکی تێکشکاوی هەلا هەلاکراوی هەڵوەشاوو، بەدەستی (بوونی خود)ی یەوە، ئامرازەکانی بودنیادی ئەو بوونە، لە بۆسەدابێ بۆ تێکشکاندن و لەت لەتکردنی جەستەی ئەو بوونەی، کە هەر لەسەرەتایی ئەو (بوونە)ەوە، خۆی پیلان لەدژی خۆی دەگێڕێ، بێ ئەوەی مەودای ئەوەی دابێ، ئاهێ بەجەستەی شەتەک شەتکی دا بێتەوە، وەک بڵێی ئەمە قەدەری بوونی نەتەوەیەک بێ لە سیاقی مێژووی خۆی دا بەم چەشنە ڕاگوزەریوە.

کاتێک دەستێ نەبێ بۆ بونیاد و هەستانەوەو نوێ بونەوەو بەردەوامی، ئیدی ئەو بوونە، بەرەو لێک هەڵوەشان، لێکترازان و پوکانەوە دەچێ، واتە بوون کاتێک وجودی دەبێ کە بوونێکی بەردەوام بێ و لە سیاقی مێژوو و ڕوداوەکاندا توانای هەڵسانەوەو نوێ بوونەوەو بونیادی ئەو بوونە لە ئەستۆ بگرێ و بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ. یا هەروەک "کیرکجارد" دەڵێ; انا افکر اذن أنا موجود.. لووتکەی بوونگەرایی لەم دێڕە فەلسەفیەدا دەبینرێ، واتە کاتێک بوونی تاکێک لەتوانایدا نەبوو بیر بکاتەوە پێش ئەوەی بڕیارەکانی بدا، یا ئامادە نەبێ گوێ بگرێت بۆ پرسیارەکانی بوون و سروشت، ئەوا بێ گومان، بوونێکی ناتەندروستەو لەتوانایدا نابێ نوێ گەریی بکات، یا لەقۆناغەکانی تەمەنیدا بتوانێ لە شکست و کەوتنەکاندا هەڵبسێتەوە؟ واتە ئەوە بوونێتی خۆی لەدەست داوەو ناکرێ پێی بڵێن بوون بەمانا "نیتشەیەکەی" ئالێرەوە شاعیر موخاتەبەی ئەو بوونەمان بۆ دەکات و دەڵێت;

کێ گلەییم لێدەکا، گەر خۆکوژی بکەم؟
کێ بۆی هەیە ڕێگرییم بکات من جەلادبم
؟
گەر ڕۆح شێوا چۆن ئەشێوم
ئەمرۆ هەردوو گلێنەم یەکتریان ڕەژوو
ئاسا تاریک کرد..
لێوی سەروو قاشی خوارووی
داکرۆشت
سیەکان لەبری هەناسە زوخایان دەردا
دڵ بەهەتیویش شیوەنی نەدەکرد، لێ
ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕا،
دەست و پل و پەنجەکانم ئەو پێستەیان
داماڵی.

تەواوی ئەو جەدەلەی شاعیر لەناخی خۆیدا ئاڕاستەی بوونی خودی خۆی پێ دەکات، گوزارشت لەو بوونە دەکات، کە بونێتی خۆی پێ ناسەلمێنرێ، یا بە پێچەوانەوە، لەتوانایدا نییە ئاڕاستەی بوونیادی ئەو بوونەی خۆی پێبکات، بەرەو بونیادێکی تەندروست و هەڵسوڕاو. کاتێک (سیوەیلی)، بە پرسیارە فەلسەفیەکانی موخاتەبەی ئەو بوونە دەکات و دەڵێ کێ گلەییم لێ دەکات گەر خۆکوژبم، ؟ کێ ڕێگریم لێ دەکا جەلادبم؟ بەڵێ کەس ڕێگیری ناکا، بەدڵنیاییەوە، چون لەوجودا هەست بەو بوونە ناکرێ، تا ڕێگیری لێ بکرێ کە جەلادبێ یا خۆکوژ؟ بەڵێ هەر لە دێڕی دواتری دا وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێ، گەر ڕۆح شێوا، چۆن نەشێوم؟ یا ئەوەتا هەردوو گلێنەی یەکتریان ڕەژوو ئاسا تاریکی کرد؟ دەی کەوابوو بوونێک کە بەم جۆرە، لە هەوڵی هەڵوەشاندنی خۆی دابێ ئیدی چۆن پاشەڕۆژی تاریک نابێ؟


کاتێک بەم چەشنە ئامرازەکانی بەرەو بونیادنانی بوون، بە پێچەوانەوە بەکار ببرێ، ئیدی دڵ، کە داینەمۆی هەڵسوڕێنەری بوونی خودە لەجیاتی هەردەم گەش بێ، لەبەرئەوەی بەردەوام لە لێدان و جوڵەو نوێ بونەوەدایە، بەڵام لێرەدا هەر لێدانێکی دڵ، بەرەو سیس بوون و ڕەش بوون و پوکانەوە دەچێت؟

بەڵام ئەوەی جێگای تێرامان و لێکدانەوەیە، شاعیر لەگەڵ ئەوەی باس لەت و پەتکردنی بوونی خود دەکات، بەڵام لەسەر مەسەلەی ڕۆح، قسەیەکی تری هەیەو بەو جۆرەی بوون، نایبینێ؟ وەک لێرەدا کە دەڵێ ڕۆح شێوا، چۆن نەشێوێم؟ واتە تا ئەو کاتەی ڕۆح لە جەستەی بوونیدا نەشێوا، هەستی بەو مەترسی یە گەورەیە نەکرد لەسەر کۆی گشتی بوونی؟

هەربۆیە دوجار شاعیر بە تەنیشت ڕۆحەوە، ئیش لەسەر سۆزو عاتیفە دەکات و دەیەوێ کۆی ئەو هەموو نەنگی و بێ بوونییە برەوێنێتەوو کار لەسەر سۆز بکات؟ بێ گومان کاتێک (بوونی خود)، بازاڕ گەرمی پێوە دەکرێ، ئیدی چۆن دەتوانێ لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێ و خۆی بدۆزێتەوە لە عیشقی شوناسی بوونیدا... لەدوا دێڕەشیعریەکەی شاعیر دەڵێ;

زوڵفی یاریان دا دەهانی لەبری شانە..؛!
گوڵەکەی ' یار ' لە گیرفانە بچوکەکەی
چاکەتەکەما
لە بری قەڵەم بەدەم ئازارەوە پێدەکەنی
و باسی
جوامێری منی دەکرد، ئەو قەڵەمە!..
ئێستا وەک بڵندگۆ بانگ بە گوێی جیهاندا
دەدات و
دەڵێت:
ئەم مەخلوقە فرۆشیارێکی بێ ئابڕووە
خەڵکینا گیرفانەکانی بگەڕێن بزانن
هەردوو چاو و هەردوو دەستی منی بە
بڕدراوی
چۆن کۆت و بەند کردووە؟!
زمانم پڕ بە گەرووم هاواری لێهەستا
وەک جارنامەی بێعاری دەیوت:
بازاڕ گەرمە، کێ ' مەعشوقە ' دەکرێت
بۆ سەر مێزی شەهیەو
وەک من زیندان گەرم دەکات.

لەو کوتادا، شاعیر دەیەوێ بوونی لەڕێگای عاشقەکەیەوە، هەڵسێنێتەوە لەکاتێکدا لەو ڕێگایەدا، بوون لەدەستدەدات، ئەوەی دەمێنێتەوە بەدەستیەوە، تەنها یادگاری و بیرەوەری و سۆزەکانێتی، لێ ... بوون کە لە داوەشاندندا بوو ئیدی بە ختووکەدانی عاتیفە بونیاد ناکرێتەوە:



(مەعشوقەیەک بۆ زیندانی)

کێ گلەییم لێدەکا، گەر خۆکوژی بکەم؟
کی بۆی هەیە ڕێگریم بکات من
جەلادبم؟
گەر ڕۆح شێوا، چۆن نەشێوم!..
ئەمرۆ، هەردوو گلێنەم یەکترییان ڕەژوو
ئاسا
تاریک کرد،
لێوی سەروو قاشی خوارووی
داکرۆشت..
سییەکان، لە بری هەناسە زوخاویان
دەردا..؛
دڵ، بە هەتیویش شیوەنی نەدەکرد، لێ
ڕەنگی
ڕەش هەڵگەڕا،
دەست و پل و پەنجەکانم ئەو پێستەیان
داماڵی
زوڵفی یاریان دا دەهانی لەبری شانە..؛!
گوڵەکەی ' یار ' لە گیرفانە بچوکەکەی
چاکەتەکەما
لە بری قەڵەم بە دەم ئازارەوە پێدەکەنی
و باسی
جوامێری منی دەکرد، ئەو قەڵەمە!..
ئێستا وەک بڵندگۆ بانگ بە گوێی جیهاندا
دەدات و
دەڵێت:
ئەم مەخلوقە فرۆشیارێکی بێ ئابڕووە
خەڵکینا گیرفانەکانی بگەڕێن بزانن
هەردوو چاو و هەردوو دەستی منی بە
بڕدراوی
چۆن کۆت و بەند کردووە؟!
زمانم پڕ بە گەرووم هاواری لێهەستا
وەک جارنامەی بێعاری دەیوت:
بازاڕ گەرمە، کێ ' مەعشوقە ' دەکرێت
بۆ سەر مێزی شەهیەو
وەک من زیندان گەرم دەکات.

ڕەشید سیوەیلی

## درەختی عیشق..

چیرۆکی پشتی ئەم وێنەیە.. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ئەڵمانیا، کە حەمەناشاد بۆ نۆزدە ساڵی ڕەبەق لەو وڵاتەدا پەنابەر دەبێت، لە شاری فرانکفۆرت دەژیا، لەشوێنی نیشتەجێ بوونی لەیەکێک لەگەڕەکەکانی شارەکە بارێکی خواردنەوەی لێ دەبێ، خاوەنی بارەکە ئەڵمانێکی ڕاسیست دەبێ، بەناشاد دەڵێ ڕێگا نادەم بێتە ناو بارەکەوە بۆخواردنەوە، لەوەڵامدا ناشاد پێی دەڵێ بۆچی؟..خۆ ئێمەش بەڕەگەز ئاریین وەک ئێوەی ئەڵمانییەکان، کابرای ئەڵمان دەڵێ مەسەلەکە ئەوەنییە، بەڵکو کچەکەم حەزناکات تۆ لێرە دانیشی و بێیت بۆ خواردنەوە.



+حەمە ناشاد پێی ئەڵێ زۆر باشە، بەڵام من داوایەکم هەیە بۆ تۆ؟
-،پیاوی ئەڵمانی ئەڵێ چییە؟
+حەمە ناشاد پێی ئەڵێ گەر من کارێک بکەم و وا لە کچەکەت بکات سەرسام بێ بەمن تۆ دەڵێی چی؟
-کابرای ئەڵمان لەوەڵامدا دەڵێت بڕوا ناکەم دڵی کچەکەم بەرامبەر بەتۆ نەرم ببێ، چونکە بێ ئەندازە ڕقی لێت دەبێتەوە ، بەکچەکەم بوایە خەڵکی گەنجی ڕاسیزمی لێهان ئەدای هەموو جارێ ئازارت بدەن، من ڕێگەم لێی گرتووە.
+ناشاد ئەڵێ تۆ گوێ بگرە بزانە من چیت پێ دەڵێم.
-کابرای ئەڵمانی پێی دەڵێ دواکاریت چییە؟
+حەمەناشاد پێی دەڵێ تۆ لە دەرەوەی شار بۆ هاوینان شوێنی تایبەتیت هەیە بۆ حەوانەوەتان.؟ -کابرای ئەڵمان پێی دەڵێ بەڵێ هەمانەو ڕێک دەکەون.
ڕۆژێک لەگەڵ کابرای ئەڵمانی دەچن بۆ ماڵە هاوینیەکەی کابرا.
دواجار ناشاد ئەڵێ بۆ چی دیواری سیاجی باخەکەت بۆیاخ نەکراوەو کۆن و شێواوە، ئەی چۆنە من بۆت بۆیاخ بکەمەوە، بۆ ئەوەی تازەو جوانتر بنوێنێ، کابرای ئەڵمانی دەڵێ باشە، کابرا ئەڕواو حەمە ناشادیش خەریکی دیواری باخی کابرا دەبێ و دوای دوو ڕۆژ وێنەی ئەو درەختە ئەکێشێ و ئەڵمانەکە ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێ وەرە بۆ باخەکەت، بەڵام کچەکەشت بهێنە بۆ ئێرەو پێی مەڵێ کەمن لەوێم کابراش، کچەکەی لەگەڵ خۆی دەباو کاتێک هەردووکیان دەبینن ناشاد سەرقاڵی ئەو وێنەیە دەبێ، کچەکە تووشی سوپرایزێکی گەورە دەبێ و دەحەپەسێ، یەکسەر کامێراکەی دەرئەکات و وێنەی ناشاد ئەگرێ لەکاتی ئیشکردنی وێنەکەداو پڕ بەگەرووی هاوار ئەکا ئەڵێ بابە گیان جوانترین دیاریت دایە دەستم ئەمڕۆ کە بەڕاستی ئەو پیاوەت بەناخی من شاد کرد کە ناوی ناشادە..؟ ناشادیش وێنەی کچی کابرا ئەڵمانیەکە بەدیاری کەدروستی کردوە دەیداتە کچەکەی و کچەش پڕ بە هێزی باوەش بە ناشادا ئەکاو پێی دەڵێ ئێستا تۆ لەمن زیاتر مافی هەموو ژیانێکت هەیە چون تۆ کەسێکی ئاسایی نیت، بەڵکو تۆ هونەرمەندی؟
ناشادیش تەماشایەکی باوکی کچە دەکات و دەڵێ ها ئێستا کێ گرەوەکەی بردەوە..،؟

جمال نوری

**1_وێنەی کچەکە، وێنەی ڕاستەقینەی کچی پیاوە ئەڵمانیەکەیەکاناوی (ئێلینایە)***
**2_وێنەی درەختەکە، هێندە نزیکە لەواقیع، ناشاد دەڵێ، چۆلەکەیەک خۆی پیا کێشاوە، پێی وابوە درەختێکی ڕاستەقینەیە..**

جەلال محەمەد: دروستبوونی تۆڕەکە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، لە باروزروفێکی وادا، کە بێکاری و بێدادی وبێ موچەیی ونەبوونی بەرۆکی بە خەڵکی هەژاروکەمدەرامەتی گرتووە، ئامانج بە هانەوەچوونی خەڵکی یە لە سۆنگەی پەرپرسیارێتیمان بەرامبەر هاونیشتمانیانی خۆمان، ئەبێت هەر هەژاران پشتووپەنای یەکتربن.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەرێز دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەرێز جەلال محەمەد؛ هەڵسوڕاو و بەرپرسی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کەلار.



**بۆپێشەوە: دەتوانن کۆسپەکانی بەردەم بەرەوپێشەوە چوونی باشتری کارەکانتان، بۆ بۆپێشەوە بخەنە ڕوو؟**

**جەلال محەمەد ئەمین:** پێشەکی سوپاس بۆ بۆپێشەوە بۆ سازدانی ئەم دیدارە. تۆڕی هاوکاری ماوەیەکی زۆرنییە لە کەلار پێکهاتووە، زەرورەتی هەلومەرجێک بەدیاریکراوی دوای پەتای کۆرۆنا هاتە ئاراوە، وای کردووە کە تۆری هاوکارییە دروستبێت. لە ڕووی مەوزوعییەوە، گیروگرفتی وامان بۆ نەهاتووەتە پێش. کۆسپی بەردەم ئێمە ئەم دۆخەی ئێستایە، کۆرۆنا سایەی کردووە بەسەر کۆمەڵگەدا و ڕێگرە لە بەردەم هەنگاوی کرداری و هەوڵەکانی ئێمە و ژیان بە گشتی لە کوردستاندا. ئێمە بەو هۆکارەی تۆڕەکەمان هێشتا دوو مانگی بە سەردا تێنەپەڕیووە، و ئەم ماوەیەش زۆر کورتە بۆ ئەوەی بتوانین لە دۆخێکی وا سەختدا کە هەژاری و نەبوونی یەخەی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی گرتووە، فریای وەڵامدانەوە بەم کێشە گەورەیە بکەوین. تۆڕەکە تازەیە و ئەبێت زیاترخەڵکی لەئامانج ومەبەستی ئەم تۆرە تێ بگەن، پێویستمان بە کات و بەرچاوڕۆشنی زیاترە بۆ ئەوەی بڕۆینە نێو هەموو شوێنێکەوە، بۆ ئەوەی زیاتر فراوان ببینەوە.

**بۆپێشەوە: کۆرۆنا فایرۆس و لیکەوتەکانی لەسەر خەڵکی کەم دەرامەت، هۆکاری دروستبوونی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی بوو، تا چەندە رازین لە کارەکانتان؟**

**جەلال محەمەد ئەمین:** ئەم تۆڕە لە هەناوی ئەم هەلومەرجە ناهەموارەدا دروستبووە. کە ئەم پەتایە بووەتە بەڵایەک بۆسەر مرۆڤایەتی و هەڕەشە لە تەواوی مرۆڤایەتی دەکات. ئەم دۆخە چەندین لێکەوتەی خراپی لە کۆمەڵگەدا لێکەوتووەتەوە. لەڕووی باری دارایی و ئابووری ودەروونی و تەندروستیەوە، بەتایبەت بۆ خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش. تۆڕی هاوکاری کەلار توانیویەتی لەم دۆخەدا، کاری جدی بکات بۆبەهاناوەچوونی ئەوماڵانەی کەپێویستیان بەهاوکاری و دەستگیرۆیی ئێمە هەیە. لەم ماوە کەمەی دروستبوونماندا، توانیومانە خۆراک وپێداویستی بۆزیاترلە (٧٥) ماڵ دابین بکەین. هەروەها جلوبەرگ بۆزیاترلە (٣٥)منداڵ بکڕین. خەڵکی متمانەی باشی بەتۆڕەکە هەیە. لەبەرئەوەی دەبینن ئامانجمان چییە، ئێمە تا ئەو جێگەیە لە کارەکانمان ڕازین کە باوەڕمان وابێت بە تەواوی تواناوە خزمەتی کۆمەڵگە ئەکەین، و لەگەڵ ئەوەشدا نەریتێکی جیاواز و تازەمان هێناوە کە کەسایەتی و هەستی خەڵکی هەژاری بە تەواوی تیادا پارێزراوە، ئێمە نەوێنەی کەس دەگرین و نەلە TVیە کانەوە بڵاوی دەکەینەوە.

**بۆپێشەوە: ئامانج لە دروستکردنی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کەلار چی بوو؟ چۆن دەستتان پێکرد؟**

**جەلال محەمەد ئەمین:** لەسەرەتادا لەگەڵ هاوڕێ ئەحمەد عەلی گفتوگۆمان لەوبارەوە کرد، و پێش ئەوەی تۆڕەکەمان بە فەرمی ڕاگەیەنین توانیمان هاوکارییەکانمان بە نزیکەی 40 خێزانێک بگەیەنین، دواتر لەگەڵ هەندێک هاوڕێ و کەسانی مرۆڤدۆست و بە تەنگەوە هاتوو کۆبوونەوە و گفتوگۆمان کرد، یەک ئامانج کۆکردینەوە و بڕیارماندا بە فەرمی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کەلار ڕاگەیەنین. دروستبوونی تۆڕەکە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، لە باروزروفێکی وادا، کە بێکاری و بێدادی وبێ موچەیی ونەبوونی بەرۆکی بە خەڵکی هەژاروکەمدەرامەتی گرتووە، ئامانج بە هانەوەچوونی خەڵکی یە لە سۆنگەی پەرپرسیارێتیمان بەرامبەر هاونیشتمانیانی خۆمان، ئەبێت هەر هەژاران پشتووپەنای یەکتربن. لەوەها ڕۆژگارێکدا هەوڵ ئەدەین کار و خزمەتی زۆرتر بگەیەنین. دواکارم لە هەمووئینسانێکی مرۆڤدۆست لە دەوری تۆڕەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی پەیگیربن، بۆهاوکاری وخەمخۆری مرۆڤ گەلێک لە وەهاڕۆژێکدا پێویستیان بە ئێمەیە.

**دەستان خۆش هەربژین.**

---

شەیدا نامیق: شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پێشوازی خەڵکی کۆیە لە تۆڕەکەمان زۆر باش بووە، ئەوەش پەیوەندی بە تێڕوانینی خەڵکەوە هەیە بۆ تۆڕەکەمان، هەروەها باوەڕ بوون بە یارمەتیدانی کەسانێك کە لە دۆخێکی ئابووری خراپدان ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەرێز شەیدا نامیق؛ هەڵسوڕاو و بەرپرسی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی شاری کۆیە.



**بۆپێشەوە: تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی شاری کۆیە تا ئێستا چی کردووە؟ پیشوازی هاوڵاتیان چۆن بووە لە کارەکانی؟**

**شەیدا نامیق:** تۆری هاوکاری کۆمەڵایەتی شاری کۆیە لەڕێکەوتی ١٦-٥-٢٠٢٠ ڕاگەیاندرا، نزیکەی دوومانگ دەبێت توانیویەتی کۆمەڵێک کاری باش بکات. لەیەکەم هەنگاویدا توانی ٢٥ سەبەتە خۆراک دابەش بکات بەسەر ٢٥ ماڵی هەژارو کەمدەرامەت، بۆ جەژن جلی بۆ ١٤ منداڵی هەژار و نەدار کڕیووە. لەگەڵ ئەوەشدا ٢٥ کیلو شیرینی بۆ٢٥ ماڵ دابینکردووە. لەسەرەتاوە پێشوازێکی زۆر باشی لێکرا بەشێک لەشوێنەکانی شاری کۆیە، هاوکاریمان بوون، وەک بەڕێز قایمقامی کۆیە، بەدابینکردنی ٣٠ سەبەتەی خۆراک، دەرمانخانەی ئانیا، بۆ ماوەی ٥ مانگ دەرمانی ١٠ نەخۆشمان بۆ دابین دەکات، ئارایشگای لینا ئامادەیی دەربڕیوە بۆ جوانکاری بووک لە ڕۆژی هاوسەرگیریدا بۆ ماڵە کەمدەرامەتەکان. هەزاران پێشانگای گوڵ دابێنکردنی تەلەفیزۆنێک بۆماڵی هەژارێک. تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک سندوقی کۆمەکمان لە شوێنە جیاوازەکانی کۆیە داناوە، لەو ڕێگەیەوە داوام لە خەڵکی کۆیە کردووە هاوکاری خێزانە نەدارەکان بکەن. سەردانی چەن گوندێکمان کردووە و پێشوازی گەرم و هاودڵی و پشتیوانی خۆیان نیشانداوە، لە دوو گوندیش ئێستا تۆڕەکەمان نوێنەری خۆی بۆ گەیاندنی هاوکاری گوندەکان داناوە. هەروەها لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکەوە پێشوازی و دەستخۆشی و هاوکاری دەکرێین. بە گشتی کارو چالاکیەکانی ئێمە بەردەوامی هەیە و ئامانجمانە بتوانین لە داهاتوودا فراوانتر و باشتر بتوانین لە پەنای خەڵکی هەژاری شاری کۆیەدا بمێنینەوە.

**بۆپێشەوە: تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی، لە پێشوازییەکی تاڕادەیەک باش بەهرەمەندە، هۆکاری ئەم پێشوازییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چییە؟**

**شەیدا نامیق:** بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پێشوازی خەڵکی کۆیە لە تۆڕەکەمان زۆر باش بووە، ئەوەش پەیوەندی بە تێڕوانینی خەڵکەوە هەیە بۆ تۆڕەکەمان، هەروەها باوەڕ بوون بە یارمەتیدانی کەسانێک کە لە دۆخێکی ئابووری خراپدان. ئەو شوێنانەی توانیومانە دەستمان پێیان ڕابگات زۆر باش پێشوازیان لێکردووین، بەڵام زۆر شوێنی تریش هەبووە، ڕۆشتووین و داوای هاوکاریمان لێکردوون و بەداخەوە هاوکار نەبوون، سەرەڕای ئەوەی لەبواری مادی زۆریش باشن. ئەوەی ئێمە دەیکەین تەنها بۆ ماڵی هەژارو کەمدەرامەتەکانە، ئەوانەی توانای کڕینی قوتویەک شیریان نییە بۆ منداڵە ٧ مانگانەکەیان. سەرچاوەیەکی دیاریکراو نییە، ئێمە لێوەی داهاتمان بۆ بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ ڕێکخراو وگروپ و حزبێک وکەسایەتیەکمان لەپشت نییە، ئەوەی هەیە ئێمە تەنها پارویەکی سەر سفرەکەی خۆمانیان لەگەڵ بەشدەکەین، چەند مرۆڤێکی دلسۆز و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی ومرۆڤدۆست لە گیرفانی خۆیان بڕێک پارەی کەم کۆدەکەنەوە لەدەرەوەی وڵات بۆ تۆرەکانی کوردستانی دەنێرنەوە، ئەویش زۆر مەحدودە، بۆیە پێویستە لەناوخۆی کوردستانەوە هەوڵی هێنانی هاوکاری و کۆمەکی زیاتر بدەین. داوا لەسەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کەدەیانەوێت هاوکارمان بن، تکایە پەیوەندی بەتۆرەکەمانەوە بکەن، چونکە پێویستیمان بەهاوکاری و یارمەتی هەمووکەسێک هەیە.

# فەرمان ڕەشاد: ئەوەی زامنی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵك دەكات، ڕێكخراوبوون و بەردەوام بوون و پشوودرێژییە، چونكە دەسەڵات هەمیشە لەسەر دوو ئاست كاردەكات پەرتكردنی دەنگی نارازی و كات كوشتن و گرەوكرتن لەسەر ماندووبونی خەڵك...

## دیمانەی بۆپێشەوە دیمانە لەگەڵ بەڕێز فەرمان ڕەشاد چالاكوانی مەدەنی سەبارەت بە ناڕەزایەتیەكانی هەرێمی كوردستان...



**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ئاسۆی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، لە ئاسۆی بزووتنەوەی کوردایەتی جیابکرێتەوە و لە پێناو داخوازییە ڕەواکانیاندا؟**

**فەرمان ڕەشاد:** بە سەرنجێکی خێرا لە خەباتی ئێستای هاوڵاتیان لە شەقام، دەبینین

**لە دوای ٢٠١٨ەوە ئاراستەیەکی نوێی بزووتنەوەی ناڕەزایی لە کوردستان سەریهەڵدا، ئەویش بە سەرتاسەری بونی ناڕەزاییەکان و تێپەراندنی سنوری زۆنەکانە، لە دیدی خەڵك چیتر شتێك بەناوی زۆنی زەرد و سەوز نییە، بەڵکو یەك زۆنە و بەیەك ئاراستە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکەی دەبنەوە...**

بە پلەی یەکەم خەباتی هاوڵاتیان بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان، ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی و بێکاری و خزمەتگوزاریەکانە. بەشێکی زۆری هاوڵاتیان برەودان بە کوردایەتی بە بەرنامەی دەسەڵات دادەنێن بۆ لابردنی تەرکیزی خەڵک و فریودانیان لە پرسە بنەڕەتیەکان. بۆیە بە بەراورد لەگەڵ پێشوو بەتایبەت بەر لە ڕیفراندۆم بزووتنەوەی کوردایەتی لە پاشەکشەیەکی یەکجار گەورەیە. ئێستا بەشێکی زۆری فەرمانبەران داوادەکەن ڕاستەوخۆ بەغدا مووچەیان بۆ دابین بکات نەوەک لە ڕێی حکومەتی هەرێم، واتە تێگەیشتنی نوێی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان مەسەلە نەتەوەییەکانی تێپەراندووە. بۆ باشتر جێگرتنی ئەو بزووتنەوە نوێیەی خەڵکی کوردستان پێویستە لەگەڵ بزووتنەوە ناڕەزاییەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقیش هەماهەنگی هەبێت، چونکە بەخۆشحاڵی ئێستا لەوێش خەڵک مەسەلە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی تێپەراندووە، ئەوە وادەکات بۆ یەکەمجار بزووتنەوەی ناڕەزایی لەسەر ئاستی عێراق لەچوارچێوەی خواستی داخوازییە ڕەواکان و مافە بنەڕەتیەکان یەکبگرێت، بەجۆرێک سیحری مەزهەبگەرایی و نەتەوەگەرایی لای حیزبە تەقلیدیەکان بەتاڵ دەکەنەوە کە دەیان ساڵە خەڵکیان پێدابەش کردووە.

**بۆپێشەوە: ڕێکخراوبوون مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە،" بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان، خویندکاران و لاوان، مامۆستایان، بێکاران... هۆکار چییە ئەم بزووتنەوانە لە ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان بەهرەمەند نین؟ چ بکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟**

**فەرمان ڕەشاد:** بەهۆی ئەوەی سەندیکا جۆربەجۆرەکانی چین و توێژەکان لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵات کۆنترۆلکراوە و دابەشکراوە، ئەوە وای کردووە خەباتی چین و توێژەکان لە چوارچێوەی سەندیکاکان سەرکەوتوو نەبێت، زیانێکی زۆریشی بە بزوتنەوەی نارەزایی گەیاندووە، چونکە خەباتی سەندیکایی لە زۆر وڵات ڕۆڵی گەورەی گێراوە لە گۆرانکاری سیاسی و حکومڕانی، بەڵام بەخۆشحاڵی لەبەرامبەردا ئێستا چین و توێژەکان لەدەرەوەی سەندیکا تەقلیدیەکان خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەن، بەتایبەت لەسەر ئاستی چینی مامۆستایان بە پلەی یەکەم ئەو خۆ ڕێکخستنەوەیە هەنگاوی باشی بڕیوە، دەکرێ ببتە هەوێنێک بۆ چین و توێژەکانی تریش و سوود لەو ئەزمونەی مامۆستایان وەربگرن، چونکە بەبێ ڕێکخراو

**بەهۆی ئەوەی سەندیکا جۆربەجۆرەکانی چین و توێژەکان لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵات کۆنترۆلکراوە و دابەشکراوە، ئەوە وای کردووە خەباتی چین و توێژەکان لە چوارچێوەی سەندیکاکان سەرکەوتوو نەبێت،**
**بەبێ ڕێکخراو بوون و یەکخستنی توانا و خواستەکان ناتوانین ئەو فشارانە بکەینە هێزێکی کاریگەر بۆ هێنانەدی خواستەکان،**

بوون و یەکخستنی توانا و خواستەکان ناتوانین ئەو فشارانە بکەینە هێزێکی کاریگەر بۆ هێنانەدی خواستەکان، پێویستە ڕۆشنبیران و کەسە دیارەکانی نێو کۆمەڵگە هانی چین و توێژەکان بدەن بەو ئاراستەیە.

**بۆپێشەوە: ئەگەر خۆپیشاندانەکانی پێشوتر زۆرتر لەزۆنی سەوزدا ڕوویان دەدا، ئەم جارە لەزۆنی زەردو دهۆکەوە دەستی پێکرد، چۆن دەڕوانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**فەرمان ڕەشاد:** لە دوای ٢٠١٨ەوە ئاراستەیەکی نوێی بزووتنەوەی نارەزایی لە کوردستان سەریهەڵدا، ئەویش بە سەرتاسەری بونی نارەزاییەکان و تێپەراندنی سنوری زۆنەکانە، بینیمان لە سەرجەم ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە بەیەک دەنگ خەڵک ناڕەزایەتیان دەربڕی، کە ئەوەش ترسێکی خستە دەروونی دەسەڵات، چونکە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات و ئەوانی تریش بەسەرتاسەری نەبوونی خۆپیشاندانەکان وای کرد خواستەکان نەیەنەدی. دەسەڵاتیش هەمیشە ئەو خاڵەی دەقۆستەوە کە خۆپیشاندانەکان لەیەک ناوچە قەتیس بووە و گوزارشت نییە لە ویستی هەموو خەڵک، بەڵکو دەستی سیاسی لە پشتە، بەڵام ئەو ناڕەزایەتیە نوێیانەی دوو ساڵی ڕابردوو ئەو کارتەی سوتاند، لە مانگی ڕابردووش سەهەڵدانی خۆپیشاندانەکان لە دهۆک، بەشێوەیەکی بەرفراوان و کاریگەر، پاشانیش پشتیوانی خۆپیشاندەرانی ناوچەکانی تر و بەرزکردنەوەی وێنەی دەستگیرکراوانی دهۆک ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ یەکبوون و پشتیوانی یەکتر لە چوارچێوەی قۆناغێکی تری بزوتنەوەی ناڕەزایەتی لە کوردستان. بەجۆرێک ئێستا ئێمە بەرەو خەملێنی جووڵانەوەیەکی سەرتاسەرین کە بنەماکانی خواستە هاوبەشەکانی خەڵکە و دژایەتی گەندەڵی و بێکاری و فراوانکردنی مەوداکانی ئازادی ڕادەربرینە، ئەوەش سەرجەم پیلانەکانی دەسەڵات پوچەڵ دەکاتەوە بەوەی بتوانن شەڕی ناوچەگەری بۆ لاوازکردنی ئەو جوڵانەوەیە بەکاربهێنن. بەمانایەکی تر لە دیدی خەڵک چیتر شتێک بەناوی زۆنی زەرد و سەوز نییە، بەڵکو یەک زۆنە و بەیەک ئاراستە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکەی دەبنەوە.

**بۆپێشەوە: دەسەڵات لەجێگای ئەوەی وەڵام بەداخوازی ڕەوای خۆپیشاندەران بداتەوە، پەنا دەباتە بەر چاوسورکردنەوە، تۆمەت بەخشینەوە، هەڕەشە، زیندانی کردن و سەرکوتکردن،... ئەم دەسەڵاتە تا کەی دەتوانێت بەو ڕێکارە نەشیاوە پارێزگاری لە دەسەڵاتی بکات؟**

**فەرمان ڕەشاد:** ئەو ڕێککارانە تازە نین و چەندین ساڵە دەسەڵات لەجێی جێبەجێکردنی خواستەکان خەڵک پەنا بۆ سەرکووتکردن دەبات. ئەزمونەکانی پێشووی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش ئەوەی سەلماندووە کە هەڕەشە و زیندانی هیچ کات بزووتنەوەی ناڕەزایی کپ نەکردۆتەوە، ڕەنگە لە دۆخێک بتوانن گورزێکی کاتی لە بزووتنەوەی ناڕەزایی بدەن، بەڵام دواجار دەسەڵاتی ڕاستەقینە لای خەڵکە کە بریاریدا ئیتر ناگەڕێتەوە، ئەوەش ڕوونە ئەو چەند ساڵە سەرەڕای تیرۆر و گرتن و لێدان کەچی بزووتنەوەی ناڕەزایی لە کوردستان هەر بەردەوامە فروانتر دەبێت.

**بۆپێشەوە: بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، جار بەجار گەورەتر دەبێتەوە، زامنی سەرکەوتنی ئەو خۆپیشاندانانە لە گرەوی چیدایە؟**

**فەرمان ڕەشاد:** ئەوەی زامنی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵک دەکات، ڕێکخراوبوون و بەردەوام بوون و پشوودرێژییە، چونکە دەسەڵات هەمیشە لەسەر دوو ئاست کاردەکات پەرتکردنی دەنگی نارازی و کات کوشتن و گرەوکرتن لەسەر ماندووبونی خەڵک.



# ڕەنجدەر گراوی: دەبێت خەڵك و گروپە نارازییەکان لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا کۆببنەوە بە ئاشکرا و بەبێ سڵەمینەوە دوای ڕووخانی ئەم حکومەت و سیستەمە مافیاگەرییە بکات. تا ئەمە نەکرێت ژیان و گوزەرانی خەڵك خراپتر دەبێت باشتر نابێت

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ڕەنجدەر گراوی چالاکوانی سیاسی و مافی مرۆڤ سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکانی هەرێمی کوردستان.

**بۆپێشەوە: جارێکی تر خەڵکی نەدار و بێکار و برسی و بێ موچە، دەستیان داوەتە ناڕەزایەتی و بەشێکیان هاتوونەتە سەر شەقام، هۆکاری ئەم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە چییە؟**

هەرێمی کوردستان و :**ڕەنجدەر گراوی** ساڵە کەوتۆتە 30 چارەنووسی ئەو خەڵکە دەست هەردوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بینیمان چ جۆرە سیاسەتێکیان بۆ سیستەمی ئیداریی بەکار هێنا، و چۆن هاوڵاتی و ئەم نیشتمانەیان بەڕیوە برد. هەر لە ژێر سایەی ئەمانە؛ دزی و فەسادی زیادی کرد، پەیوەندییە بەهێزەکانی کۆمەڵگەیان بەم ئاقارەدا برد، وایان کرد متمانە و خۆشەویستی ناو خێزان و تاکەکانی کۆمەگا نەمێنێت، ئەمە هۆکاری هاتنەسەر شەقامی خەڵکە، لەپاڵ هۆکارە ئابووریەکەش کە .هۆکاری دووەمی ناڕەزایی خەڵکە

**بۆپێشەوە: بەشی هەرەزۆری خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان، ژیان و گوزەرانیان تا دێت بەرەو خراپتر دەچێت، ئەم خەڵکە چی بکات بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانی؟**

حکومەتێکی کارتۆنی بۆ دروستکراوە، کە بە دەستی دوو حیزب و دوو بنەماڵەی خێڵەکی بەڕێوە دەبرێت، هەر یەک لەو حیزبانە سەر بە یەکێک لە داگیرکەرەکانی کوردستانە. جگە لەو هەموو تەونی سیخوڕیی و دەزگا هەواڵگریانەی کە تێیدا بڵاو بوونەتەوە، جگە لە دەزگا سیخوڕییەکانی خۆیان وەکو دەزگای زانیاریی، دەزگای پاراستن، دەزگای دژە تیرۆر، ئاسایش و هێزی میلیشاتی حیزبەکان، کە هیچ خەسلەتێکی نیشتیمانیان تێدا نییە، هەمووی بۆ سڕکردنی جووڵانەوە و چالاکی سیاسیی و مەدەنی ناو کۆمەڵگە ، کارا و چاوکراوەن، هەناسەیان لەو میللەتە بڕیوە و ناهێڵن هیچ جوڵەیەک بکات و دەنگی ناڕەزایی و داواکارییەک هەبێت. سیستەماتیک ئەم دەسەڵاتە کار لەسەر بە گەمژەکردنی کۆمەڵگە و خەڵکی کوردستان دەکات.

لە ناو سیستەمێکی ئاوادا زەحمەتە کار لە سەر یاسا و دەستور بکرێت، بڕوا ناکەم کەس دژی ئەم بۆچوونە بێت، ئەگەر بڵێم لە هەرێمی کوردستان بە مانا دیموکراتیی و سیستەمی بەڕیوەبردنی هەموو حکومەتەکانی دنیا، نە یاسا هەیە و نە دەسەڵاتی ئیداری،

**دەبێت، کە خۆپیشاندەران دەستکەوتی سیاسیی و ئیداریی تێدا بێت، ئەمانە هیچی نایەتە دی، چونکە دەسەڵاتەکە بە ساختە و بە دەنگی تەزویر خۆی سەپاندووە، دەنگدان و هەڵبژاردن فێڵێکە ئەمانە لە خەڵکی دەکەن، تا مانایەک بە بوونی خۆیان لە ناو حکومەت و دەسەڵاتە سیاسییەکی خۆیانە بدەن.**

وڵاتانی تریش بڕوایان پێ بکەن. لە هەرێمی کوردستان هەموو شتێک فەل و فێڵە، حکومەت فەل، حیزب فەل، ئۆپۆزیسیۆن فەل، ناڕەزاییتییەکانیش بە فەل کراوە، بۆیە ئێمە بڕوامان بەو دەنگی نارازییەش نییە کە دەسەڵات ڕێگای پێداوە، بڕوامان بەو خۆپیشاندانانەش نییە، کە دەسەڵات لێی بێدەنگە، بەو دروشم و داخوازیانەش نییە کە ئەگەر جێبەجێ کرا، خەڵکەکە بێدەنگ دەبن و دەچنە ماڵی خۆیان. کە دەشڵێم ئێمە لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا دەستی بۆ ڕادەکێشم.

**بۆ پێشەوە: نەک هەر موچەی فەرمانبەران کەمە و دوا دەخرێت، بەڵکو دووبارە هەڕەشەی کەم کردنەوەو بڕینیشی هەیە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**ڕەنجدەر گراوی:** وەکو لەسەرەوە باسم کرد،

خاوەن کۆمپانیایەک لەگەڵ دەسەڵاتێکی سیاسیی و ئیداری جیاوازییان هەیە، ئەوانەی بۆ دەسەڵات و حکومەتێک کار دەکەن، هەمووی کاری خزمەتگوزارییە، وەکو کۆمپانیا نییە کە کارمەند و کرێکارەکانی وازیان هێنا، ئیتر ئەو دایدەخات. لێرەدا ئەگەر حکومەت، ئاوا بیربکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات، ڕەوای مانەوەی نامێنێت دەبێت بڕوخێت و واز بهێنێت لە خراپترین حاڵەتدا دەبێت بەرپرسەکانی دادگایی بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکە ستەمکار و دیکتاتۆرە، بەزۆر دەیەوێت بمێنێتەوە، ئیتر دەرفەتی دیالۆگ و گفتوگۆ نامێنێت، **دەبێت خەڵکەکە هەڵوێستێکی دیکەی لەسەر وەربگرێت، ئەوەیش خۆپیشاندان نییە، بەڵکو ڕاپەڕین و ڕاماڵینە.**

**کاتێک باس لە ڕاپەڕینیش دەکەن، لێرەشدا کێشەیەکی تر ڕوومان تێدەکات، کە دوای نەمانی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە، کێ دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ، بۆیە دەمەوێت بە کورتیی بیبرمەوە، کە هەر خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی دەربڕینێک ئەگەر بیروباوەڕ و ڕێکخراوێک و خۆڕێکخستنێکی لە پشت نەبێت، ئەوا سەرەنجامەکەی بە باشی ناشکێتەوە.**

ئەوەی لە باشوور دەگوزەرێت، خۆپیشاندانێکی نەزۆک و پووچە بۆیە دیاردەی داخوازی موچە تێدا بەدیدەکرێت، نە داخوازیی ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتە، کە دەبێت بۆ لەمەودوا هەموو داخوازییەکانی خۆپیشاندەران لەوە کەمتر نەبێت، بۆ سەرکەوتنی ئەو داواکارییەش دەبێت ڕێکخراوێکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی پاڵپشتی بکات، دروشمەکانی ئەو ڕێکخراوە لە پشت پۆستەر و هاواری خۆپیشاندەرانەوە بێت.

قسە لەو بارەیەوە زۆرە، کە دەمەوێت بڵێم من ئێستا لە ناو بزووتنەوەیەکدا خۆم دەبینمەوە، کە هەموو ئەو خەسڵەتانەی تێدایە، بۆیە باسم لە ئێمە کرد، هاوار بۆ ڕووخاندن و نەمانی ئەو دەسەڵاتە دەکەین، و داوای دەکەن کە

> **ناڕەزایی هەیە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە، خەڵکەك بێزارن، بەڵام هەر کەسە لە ناخی خۆیدا پەنگی پێ خواردۆتەوە، دەیانەوێت شتێك روو بدات، بەڵام نازانن پاشەڕۆژی گۆڕانکاریی چی دەبێت، دەیانەوێت ئەو حیزب و دەسەڵاتە نەمێنێت، بەڵام نازانن کێ لەدوای ئەوان دێت.**

سەرەتا، هەموو شتێک بریتیە :**ڕەنجدەر گراوی** لە وازهێنان لەوەی چیتر لەم دەسەڵاتە هیچ و پوچ و مافیا گەریە بپارێینەوە، و داوای چاکاسازیان لێبکەین. بەڵکو دەبێت بڵێین بڕۆ ئیتر تۆمان ناوێت، دەسەڵاتێک سەرخان و ژێرخانمان فەرهود بکەن! هیچ چاوەڕوانیەکی لێناکرێت. بۆیە**دەبێت خەڵک و گروپە نارازییەکان لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا کۆببنەوە بە ئاشکرا و بەبێ سڵەمینەوە دوای ڕووخانی ئەم حکومەت و سیستەمە مافیاگەرییە بکات. تا ئەمە نەکرێت ژیان و گوزەرانی خەڵک خراپتر دەبێت باشتر نابێت.**

**بۆپێشەوە: ئایندەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئێستای خەڵکی کوردستان چۆن دەبینن؟**

**ڕەنجدەر گراوی:** بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان دەبێت لەو وشانەوە دەست پێبکەین کە پرسیارەکەتان لێ دروست کردووە، کە من لەوێدا قسە لەسەر (ئایندە) و (ناڕەزایی) و (خۆپیشاندان) دەکەم.

لە باشووری نیشتیمان دەسەڵاتێکی ستەمکار هەیە، کە لە بەشێکی بچووکی ئەو نیشتیمانەدا هەرێمێکیان بۆ جیاکردوونەتەوە، ناویان لێناوە" هەرێمی کوردستان"، ئەو هەرێمەش

تەنیا وەکو فلیمێکی کاوبۆی ئەمەریکی کۆمەڵێک دز و چەتە پەلاماری نیشتیمانێکیان داوە خێر و بیری ئەو وڵاتە دەدزن و داگیرکەر و دوژمنانی کوردیش ڕەواییان بەم چەتە و دزانە داوە و بێدەنگن.

**ناڕەزایی هەیە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە، خەڵکەک بێزارن، بەڵام هەر کەسە لە ناخی خۆیدا پەنگی پێ خواردۆتەوە، دەیانەوێت شتێک روو بدات، بەڵام نازانن پاشەڕۆژی گۆڕانکاریی چی دەبێت، دەیانەوێت ئەو حیزب و دەسەڵاتە نەمێنێت، بەڵام نازانن کێ لەدوای ئەوان دێت.** خەڵکەکە چارەی حیزبەکانی ناوێت، بەڵام نازانن لە دوای ئەوان کێ دێت و چارەی جوان دەبێت و هەمان هەنگاوی ئەوان نانێت و مێژوویان بۆ دووبارە نابێتەوە.

**خۆپیشاندان چارەسەر نییە، چونکە خۆپیشاندان لە وڵاتێکدا مان و ڕەوایەتییەکی**

پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشتان، دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگتر بدەم، ئەویش ئەوەیە: کە خۆپیشاندان لە ناو سیستەمی حوکمڕانی هەرێمدا گەورەترین هەڵەیە، کە خەڵکی پەنای بۆ دەبەن. خۆپیشاندان داخوازییەکی بچوکە، کە دەسەڵات لەو داخوازییە بە کەمتر ڕازییە پێت بدات، موچە مافی کارکردنە کە کەسێک لەبەرامبەر بەجێهێنانی کارێک لە خاوەن کاری وەردەگرێت. ئەو بڕە پارەیەی کە کرێکار و کارمەند وەریدەگرێت، بەپێی کۆنتراکتێکەوەیە کە پێشوەخت لەسەری ڕێککەوتوون، کاتێک خاوەن کار ئەو بڕە پارەیە بە زیاد دەزانێت و پەشیمان دەبێتەوە، بەپێی گرێبەستەکە نابێت کرێکار و کارمەندەکە مافی بخورێت و تا ماوەی دیارییکراو دەبێت پابەند بێت بە گرێبەستەکە، لێرەدا جۆری مامەڵەکردنی

> **کاتێك باس لە ڕاپەڕینیش دەکەن، لێرەشدا کێشەیەکی تر ڕوومان تێدەکات، کە دوای نەمانی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە، کێ دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ، بۆیە دەمەوێت بە کورتیی بیبرمەوە، کە هەر خۆپیشاندان و ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی دەربڕینێك ئەگەر بیروباوەڕ و ڕێکخراوێك و خۆڕێکخستنێکی لە پشت نەبێت، ئەوا سەرەنجامەکەی بە باشی ناشکێتەوە ...**

داواکارییەکان با لە داخوازی بچوک بچێتە دەرێ، مووچە مافی هەموویانە کە کار دەکەن، نەک خێر و سەدەقەی دەسەڵات. **سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێتان دام.**



# نوری بەشیر: هەر جوڵانەوەیەك کە دەیەوێت بێکاری و هەژاری و گەندەڵی نەهێڵێت، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەك کە دەیەویت" عەدالەتی کۆمەلآیەتی "بەدی بهێنێت، دەبێت ئاسۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاری و دژی سەرمایەداری بەسەریدا زالْبێت...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەرێز نوری بەشیر لە رێکخراوی دەرەوەی حككك سەبارەت بە نارەزایەتیەکانی هەرێمی کوردستان.

**بۆپێشەوە: خۆپیشاندانی جەماوەری ئەگەر ڕێکخراو نەبێت و هەڵگری ئاسۆیەکی ڕۆشنی سەربەخۆ نەبێت بەئاکامی پێویستی خۆی ناگات، بۆچی تائێستا ئەو خۆپیشاندانانە ڕێکخراو و ئاسۆیان ڕۆشن نییە؟**

**نوری بەشیر:** ئایا مەبەستتان لەم پرسیارە ئەوەیە ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەی کەلەم یەک دوو ساڵەی رابردوودا لەوڵاتانی وەک عێراق، لوبنان، سودان، فەرەنسا، شیلی و ئێراندا ڕوویانداوە ناڕێکخراو و بێ ئاسۆ بوون بۆیە سەرنەکەوتوون؟ ئەگەر مەبەستتان ئەمەیە؛ ئەوا دەبێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم مەسەلەیە و ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەین، کە من وێنەیەک لەو خۆپیشاندانانە کە دەدرێت وانابینم و بەبڕوای من ئەو خۆپیشاندانانە و ئەو جوڵانەوە نارەزایەتیانە، هەم ئاسۆی خۆیان هەبووە و هەم شێوازێکی تایبەت بەو ئاسۆیەی کە زاڵبووە بەسەریاندا هێناوەتە دەرەوە.

بەواتایەکی تر دەمەوێت بڵێم کە هیچ خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکی جەماوەری، بەتایبەتی ئەوانەی ناوەندی شارەکان داگیردەکەن، هیچکات خۆڕسک نین و بەئاسۆ و ئامانج و داخوازی خۆیانەوە و بەشێوازی ڕێکخراوبوونەوە دێنە مەیدانەوە. تەنانەت ئەتوانم بڵێم کە هیچ نارەزایەتی و خۆپیشاندانێک بەبێ ئاسۆیەکی زاڵ بەسەریدا و بەبێ شێوازێک لەڕێکخراوبوون مومکین نییە پێ بنێتە مەیدانەوە.

کەواتە کێشەی بنەڕەتی ئەو نارەزایەتی و خۆپیشاندانانە ئەوە نییە کە بێ ئاسۆ و ناڕێکخراوبوون، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە ئاسۆیەک بەسەریاندا زاڵبووە کە ناکۆک بووە لەگەڵ پایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەو نارەزایەتیانەدا. بەواتایەکی تر بەشێوەیەکی گشتی ئەم جوڵانەوە و حەرەکەتە نارەزایەتیانە بەرهەق بوون و پایەی چینایەتی نارەزایەتیەکان خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بووە، لێرەشەوە خواست و مەسەلەکانیان ڕووی لە بەرابەری کۆمەڵایەتی و باش بژێوی و هێنانەکایەوەی سیستەمێک بووە کە خەڵک دەخالەتی ڕاستەوخۆی تیدابێت و کۆتایی بەگەندەڵی و تاڵانچیتی و هەژاری و بێکاری بهێنێت.

بەڵام هەر ئەم جوڵانەوانە کەوتوونەتە داوی ئەڵتەرناتیڤی "هەڵبژاردنی پێشوەخت، سیمای سەربەخۆ و نا حزبی" . ئەم واقعیەتەش پێمان دەڵێت کە پایەی کۆمەڵایەتی ئەم جوڵانەوە و نارەزایەتیانە لەگەڵ ئاسۆی زاڵدا لە ناکۆکیدا بوون و هۆکاری شکست و ناکامیەکانیشیان هەر ئەم ناکۆکیەیە.

هەر جوڵانەوەیەک کە دەیەوێت بێکاری و هەژاری و گەندەڵی نەهێڵێت، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەک کە دەیەویت "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" بەدی بهێنێت، دەبێت ئاسۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاری و دژی سەرمایەداری بەسەریدا زاڵبێت.

واتە جوڵانەوە و خۆپێشاندانەکان لەحاڵەتی ئێستاوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرتاپای نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری کرێکاری و زەحمەتکێشان بەسەریدا زاڵبێت، ئەوکاتە دەتوانێت مەبەست و خواست و ئومێد و مەرامی ئەو خەڵکەی تێیدا بەشداربووە بەدی بهێنێت.

بێگومان لەسایەی جوڵانەوەیەکدا کەبەم ئاسۆیەوە پێدەنێتە مەیدانەوە، ئەوکاتە شێوازێکی ڕێکخراوبوونی تایبەت بەخۆیشی مەترەح دەکات، کەئەویش شوراکان و کۆنترۆڵی کرێکاری و حاکمیەتی جەماوەریە لەخوارەوە. واتە شێوازێک لەڕێکخراوبوون کە لە ناوەندی شارەکاندا(مەیدانەکانی وەک تەحریر و سەرای ئازادی..) ناچەقێت و پایەکانی خۆی دەباتە گارگە و گەڕەک و ناوەندەکانی کار و زانکۆ و هەموو دامەزراوەکانەوە، و مەشروعیەت لەدەسەڵات دەسێنیت و خۆیان سەرەتاکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەهێننە ئاراوە.

بەبڕوای من هۆکاری سەرکەوتوونەبوونی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەی کوردستان لە پارەوە تا ئێستا، زاڵنەبوونی ئەمجۆرە لە ئاسۆی سیاسی و شێوازی ڕێکخراوبوونە. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە سەرئەنجام دەبێت دەسەڵات بروخێت و وەلابنرێت، ئەمەیان کارێکە کەدەبێت ڕاپەڕینی جەماوەری وەک دواقۆناغی هاتنەمەیدانی جوڵانەوەی جەماوەری لەلایەن ڕابەرانەوە سازبدرێت و دەستی بۆ ببرێت، ئەگەر نا هیچ دەسەڵاتێک و حکومەتێک لە بەرئەنجامی نارەزایەتیەکاندا تەسلیم بەخەڵکی نارازی و لەمەیداندا بوونی هەیە نابێت.

**سەرئەنجام دەبێت دەسەڵات بروخێت و وەلابنرێت، ئەمەیان کارێکە کەدەبێت ڕاپەڕینی جەماوەری وەك دوا قۆناغی هاتنەمەیدانی جوڵانەوەی جەماوەری لەلایەن ڕابەرانەوە سازبدرێت و دەستی بۆ ببرێت،**

ئەگەر بە بارێکی تردا بپرسین وەک ئەوەی لە پرسیارەکەتاندا هاتووە کە "بۆچی تا ئێستا ئەو خۆپیشاندانانە ڕێکخراو و ئاسۆیان ڕۆشن نییە!، دەبێت تەئکید لە خاڵێکی ئەساسی بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان ڕۆڵی چینایەتی و سەرەکی خۆیان نەگێڕاوە و زیاتر لەحاشیەی جوڵانەوەکەدا بوون، واتە وەک هێزێکی بەشدار جێگایان هەبووە لەبری ئەوەی وەک ڕابەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی چێنی کرێکار و سۆشیالیزم و بەستراتیژی گرتنی دەسەڵاتەوە مەوجود بن و هەنگاو بەهەنگاو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان ئاراستە بکەن، و لەهەر چوونە پێشەوەیەکدا تاکتیکی دروست بخەنە بەردەم ئەو نارەزایەتیانە بۆ مەسەلەی ئەساسی لێسەندنەوەی شەرعیەت و دەسەڵات لە بۆرژوازی و حکومەتەکانیان کە کەوتوونەتە بەردەم نەفرەتی نارەزایەتی جەماوەرەوە.

بێگومان ئەمەش پێش هەموو شتێکیش تەجروبەیەکی گەورەیە بۆ چەپ و کۆمۆنیستەکانی کە پێیان وایە سیستەمی سەرمایەداری ئەمڕۆ دەبێت بڕوات و جێگای خۆی بدات بەسیستەمی سۆشیالیستی، کە ئەویش بەڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی و مارکسیستی و کرێکاری ئامادە و ڕێکخرا و دەکرێت و مەیسەر دەبێت کە پێشڕەوایەتی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە بکات و ئاسۆداری بکات و جەماوەری کرێکار و چەوساوەکانی کۆمەڵگە لەدەوری ئاسۆی سۆشیالیستی ئاسۆدار و ڕێکخراو بکات.

**بۆپێشەوە: بەبێ هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و بەشداری چالاکانەیان لەڕێگای مانگرتن و کار ڕاگرتن، چوونە پشتی خۆپیشاندەرانی شەقام، ئایندەی ئەم خۆپیشاندانانە نادیار دەمێنێتەوە. پێویستە چی بکرێت بۆئەوەی چینی کرێکار وەکو شادەماری ئاڵوگۆڕبەخش بێنە مەیدانی ئەم بەرامبەرکێیەوە؟**

**نوری بەشیر:** بێگومان ڕۆڵی کرێکاران لەهەر جوڵانەوەیەکی جەماوەریدا گرنگ و بڕیاردەرە، ئەگەرچی کرێکاران بەپێی هاوکێشەی هێزی چینایەتی و هەژمونی سونەتی خەباتکارانە و ڕەوتە چالاک و شۆڕشگێڕیەکانی ناو چینی کرێکارەوە بەشێوەی جۆراوجۆر کرێکاران ڕادەکێشێتە ناو هەر جوڵانەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەریەوە، بۆنموونە لەنارەزایەتیە جەماوەریەکانی عێراقدا ئەوانەی بەشداربوون بەشی زۆریان بێکاران و خەڵکانی کەمدەرامەت و مەحرومی کۆمەڵگەبوون کە ئەمانە بەشێکن لەچینی کرێکار. ئەمە وێڕای سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەبەشەکانی نەوت و کارەبا و چەند بوارێکی تر بەشداری ڕاستەوخۆیان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا کرد و تەنانەت پەیوەست بوون بەمەیدانی تەحریرەوە، بۆ لوبنان و لەسودانیش بە هەمان شێوە.

کەواتە کرێکاران لە نارەزایەتیەکاندا ئامادەییانهەبووە و بەشێوەی خۆیان هاتونەتە مەیدانی بەرامبەرکێکەوە وەک لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی بۆدەکەن، بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە ئەگەر هاتوو کۆمۆنیزم و ڕەوتی سۆشیالیستی و هەڵگرانی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری هەم لەدەرونی چینی کرێکاردا و هەم لەئاستی ڕابەری نارەزایەتیەکاندا لە مەوقعیەتی ڕابەریدا نەبێت، بەدڵنیاییەوە لەئاستی...

**دەبێت کرێکار لە حزبی خۆیدا و لە شورا و کۆمیتەی مانگرتن و کۆنترۆڵی کرێکاریدا ڕێکخراو بێت و ڕابەرانیان لەدەوری ئاسۆی ڕابەریکردنی شۆڕشی چینایەتی و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ڕۆشن و وشیاردا بن**

**ئەوەی نەوەی نوێ دەیکات شتێکی جیاوازتر نییە لەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان کردی لەسەر حسابی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان چووە دەسەڵات و کە ئەمیش دەیەوێت سیناریۆیەکی گاڵتەجاڕی دووبارە بکاتەوە و پێی بچێتە دەسەڵات و ببێتە شەریکە بەشی حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی**

بەشدارییەکی نەبینراو و هەست پێنەکراودا دەمێنێتەوە.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت چینی کرێکار ڕۆڵی رابەری بگێڕێت و بەم ئاستەش بێتە مەیدانەوە، ئەمەیان بەکاری کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕانێک دەگەڕێتەوە کە بەر لە سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان دەستی بۆبراوە. بەواتایەکی تر هاتنەمەیدانی چینی کرێکار وەک ڕیزێکی سەربەخۆی چینایەتی لەهەر ناڕەزایەتیەکی جەماوەری بەرهەقدا، بە کارکردن بۆ هەژموونی ڕەوتی سوشیالیستی ناو چینی کرێکار و بردنەسەری ئاستی تەحەزوبی کۆمۆنیستی لەناویاندا و جێخستنی سونەتی شورایی و ئاسۆی شۆڕشی کرێکاری و ئەنتەرناسیونالیستی دەبێت.

دەبێت کرێکار لە حزبی خۆیدا و لە شورا و کۆمیتەی مانگرتن و کۆنترۆڵی کرێکاریدا ڕێکخراو بێت و ڕابەرانیان لەدەوری ئاسۆی ڕابەریکردنی شۆڕشی چینایەتی و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ڕۆشن و وشیاردا بن. ئەمە مەرجی دەرکەوتنی چینی کرێکارە وەک ڕیزێکی جیاوزی چینایەتی لەدڵی هەر حەرەکەتێکی جەماوەریدا.

**بۆپێشەوە: هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دوێنی و بەشدار لەدەسەڵاتی گەندەڵ و دزی ئەمڕۆدا وەکو گۆڕان دەیانەوێت خۆیان بە ناڕەزایەتی جەماوەرییەوە هەڵبواسن، چۆن دەڕواننە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن و بزووتنەوەی گۆڕان؟**

**نوری بەشیر:** من پێموایە ناڕەزایەتی ئەم دەورەیە لەدژی حکومەت و سەرتاپای سیستەمی دەسەڵاتداریتی لە ئێستایدا. خواستی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بێمتمانەیی بەحکومەت و حزبەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کە لەبایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئاخردا لەلایەن خەڵکەوە خۆی نیشاندا، ڕۆڵی هەموو حزبەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ناکام خستۆتەوە و بەتایبەتی ڕۆڵی بزوتنەوەی گۆڕان خۆری ئاوابووە، چونکە خۆی بەشێکە لەدەسەڵات و پێموانیە خەڵکێک کە لەدژی دەسەڵات هاتبێتە مەیدانەوە قەبوڵی حزبێکی بەشداری ناو حکومەت و دەسەڵاتداریتی قەبوڵ بکات، بەتایبەتیش کە وەزارەتی داراییەکەی بەدەستەوە بێت و نەتوانێت موچەی فەرمانبەران دابین بکات، ئەو شانسەی نەما کە جارێکی تر بتوانێت سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک ببێت، یان خۆی هەڵبواسێت بەناڕەزایەتیەکانی خەڵکەوە.

ئەم بزووتنەوەیە ئەو شانسەی کە هەیبوو لە دەورەی پێشوو سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیەکان ببێت و بچێتە دەسەڵاتەوە، نە لە جێگاوڕێگای بزووتنەوەی گۆڕان وەک باڵێکی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردەوە هاتبوو، وە نە لە جێگا و مەکانەتی خودی نەوشیروان مستەفا بوو لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵگەدا، بەڵکو ئەوەی وایکرد ئەوان بگەیەنێتە ئەو جێگایەی کەپێشتر هەیانبوو، ئەوەبوو کە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی بوون و چوونە دەسەڵاتەوە، ئەوەش بەرئەنجامی دەورەیەکی درێژماوەی دوو دەیە لە کەڵەکە بوونی توڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو بەدژی دەسەڵاتدارێتی مافیایی و میلیشیایی بۆرژوا ناسیونالیستی یەکێتی و پارتی کە کۆمەڵگەیان نوقمی کوێرەوەری و هەژاری و برسێتی و بێکاری کردبوو بە سیاسەتی فریوکارانە و سەرکوت و کاری مافیایی. ئەو هەلومەرجە شانسی دایە دەست بزووتنەوەی گۆڕان بچێتە دەسەڵات و ببێتە شەریکە بەشی حکومەتی پارتی و یەکێتی.

خەڵک هەموو ئەوانەی پێشووی بزووتنەوەی گۆڕانی بیرنەچۆتەوە، وە ئەوەی کە ئەمڕۆکەش دەبیینین ئەو حکومەت و دەسەڵاتە سێ کوچکەییەی پارتی و گۆڕان و یەکێتی، کە خەڵکیان توشی چ نەهامەتیەک کردووە، و گۆڕان پارێزەری هەمان سیاسەتێکە کە پارتی و یەکێتی سەپاندوویانە بەتایبەت لەم دەورەیەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا و ناردنەوەی خەڵک بۆ ماڵەوە بەبێ نیشاندانی هیچ بەرپرسیاریەتێک بەرامبەریان. هەر بۆیە هەموویان بەگۆڕانیشەوە لەبەردەم ناڕەزایەتی توڕەیی بێپایانی خەڵکدا قەراریان گرتووە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ڕۆڵی نەوەی نوێ لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا؟ تا چەندە لاتان وایە بەشداری نەوەی نوێ لەپێناو بەرژەوەندی بێبەشان و موچەخۆران و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندایە؟**

**نوری بەشیر:** ئەوەی نەوەی نوێ دەیکات شتێکی جیاوازتر نییە لەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان کردی لەسەر حسابی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان چووە دەسەڵات و کە ئەمیش دەیەوێت سیناریۆیەکی گاڵتەجاڕی دووبارە بکاتەوە و پێی بچێتە دەسەڵات و ببێتە شەریکە بەشی حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی، و حسابی لەسەر بکرێت. نەوەی نوێ دەیەوێت هەمانکاری بزوتنەوەی گۆڕان بکات بەڵام لەهەلومەرجێکی جیاوازدا. لەلایەک ئەمە شانسی کەمترە بەهۆی جێگاوڕێگای پارتیەوە کەهەموو حزبەکانی دەسەڵاتی لەدەوری سیاسەتی خۆی پاشەکشە پێکردووە و جێگایەکی وای بۆ نەوەی نوێ نەهێشتۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان تەجروبەی بزووتنەوەی گۆڕانی بیرنەچۆتەوە بەخوێن و گۆشتی خۆپیشاندەران لە ١٧ی شوبات و ناڕەزایەتیەکاندا قوربانیان دا، وە ئێستاش لە پارتی و یەکێتی زیاتر بەرگری لە حکومەتی کابینەی نۆیەم دەکەن. ئیتر جێگایەک کە نەوەی نوێ لە ناڕەزایەتی و توڕەیی خەڵک لەئێستادا هەیەتی ناتوانێ لەوەی بزوتنەوەی گۆڕان واوەتر بچێت و کاریگەری هەبێت.

تەجروبەی خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستان لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان و چوونە دەسەڵات و دامەزراندنی حزبێکی بچوکراوەی بنەماڵەیی هاوشێوەی پارتی و یەکێتی و نەمانی متمانە و خۆشخەیاڵی بەم هێزە کافیە بۆ ئەوەی کە خەڵک بەهەمانشێوە متمانە نەکات بەوەی کە نەوەی نوێ وەک کۆمپانیایەک بەهەمانشێوە ڕەخنەی لە کۆمپانیاکانی نێچیروان و مەسرور بارزانی و کۆمپانیاکانی یەکێتی هەیە و دەیەوێت بە کۆمپانیاکەی خۆی جێگایان بگرێتەوە.

واتە نەوەی نوێ داوا لەجەماوەر دەکات کە ڕاپەڕن و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و کۆمپانیاکانیان ڕاماڵن، و ئەم خاوەن کۆمپانیا بچوکەی نەوەی نوێ بچێتە جێگایان، یان پاشەکشەیان پێبکەن و نەوەی نوێش وەک بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر شانسی هەبێت بچێتە دەسەڵات و ئاوڕێکی باشی لێبدرێتەوە و بیکەنە شەریکە بەشی خۆیان. لە ڕاستیدا ئەم شانسە لە ئێستادا لەبەردەم نەوەی نوێدا داخراوە، لەگەڵ ئەوەی حزبەکانی دەسەڵات هەمان حزبی هاونەزەری سیاسی و چینایەتی نەوەی نوێ خۆیەتی. بەهەمانشێوە ئەم شانسەی نەوەی نوێ لەلایەن خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگەشەوە بێ ئاکام ماوەتەوە.

**بۆپێشەوە: چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانی چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا؟**

**نوری بەشیر:** بەبڕوای من پرسیارێکی وا دەبێت زیاتر ڕۆشنایی بخرێتە سەر، بەلای منەوە مەسەلەکە ئەوەنییە چ ئەرکێک دەکەوێتە سەرشانی چەپ و کۆمۆنیستەکان لەناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەریەکاندا، چونکە ئەمە جگە لەوەی کە دەربڕینێکی گشتی و موجەڕەدە و پێمان ناڵێت کە مەبەست لەکام ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەرییە تا لەسەر هەریەکەیان قسەبکەین. بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان بەرامبەر بەدۆخێک کە بەهۆی بنبەستی حوکمەت و سیستەمی حوکمڕانی بۆرژوازی کوردەوە هاتۆتە کایەوە چی دەکەن و چ ئەرکێک بۆخۆیان دادەنێن و لێرەشەوە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەریدا بکەن.

من پێموایە وەڵام بەدۆخی ئێستای کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری و قەیرانگرتوو، شۆڕشی کرێکاریە. شۆڕشێک کە نیزامی کاری بەکرێ و خاوەنداریتی تایبەتی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆمەڵگەی کارکردوان دادەمەزرێنێت. کۆمەڵگەیەک کە هەرکەس بەپێی کارەکەی و هەرکەس بە پێی پێداویستی لە ژیانێکی خۆشگوزەرانی سەردەم بەهرەمەند بێت.

ئەمە دەتوانێت کێشەی بێکاری، هەژاری، گەندەڵی و نابەرابەری کە ئومێدی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە چارەسەر بکات. بەڵام ئەم شۆڕش و ئەم ئامانجە لە هاوکێشەی هێزی چینایەتیدا هێشتا پێداویستیەکانی ئامادە نییە و دەبێت لە جەرگەی خەبات بۆ وەلانانی دەسەڵاتداریتی ئێستادا هەنگاو بەهەنگاو کاری بۆ بکرێت. لێرەوەیە کە ئەرکی کۆمۆنیستەکان، چەپ و ئازادیخوازەکان دێتە پێشەوە و بەرنامە و پلاتفۆرمی دەخالەتیان لەهەر ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێکی گەورە و بچوکدا دیاری دەکرێت.

دەورەی ئێستا بۆ چەپ و کۆمۆنیستەکان، کۆبوونەوە لەسەر یەک ستراتیژە کە چۆن لەدڵی ناڕەزایەتیەکان و خواستی جەماوەرەوە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا، هەم ڕاپەرین سازبدەن و هەم چینی کرێکار ئامادە بکەن و هەمیش ڕیزی خۆشیان یەکگرتوو و مونسەجم لەدەوری ئەم ستراتیژە سیاسیە برەو پێبدەن، لێرەوە مەسەلەی ڕابەری و پێشڕەوی بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان دابین بکەن و لەشەڕی ئەلتەرناتیڤە بۆرژوازیەکاندا بکەونە جەنگێکی چینایەتیەوە.

ئێستا لەهەموو کات زیاتر کۆمەڵگەی کوردستان قوتبی بۆتەوە، لە دوو بەرەی چینایەتی جیاوازدا، بەرەیەک کەیەک دەستن لە دیفاعکردنیان بەشێوەی جۆراوجۆر لەمانەوەی دەسەڵات و سیستەمی حکومڕانی ئێستا بە شێوەی دیفاع لەپەرلەمان و چاکسازی ئەم حکومەتە و هێنانەوەی پاساوی سواو بۆ مانەوەی. ئەم بەرە چینایەتیە پێکهاتووە لەهەموو حزبە قەومی و ئیسلامیەکان و بەوەیشی کە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنی لەبەرکردووە.

لەبەرە چینایەتیەکەی تردا هەموو خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگە لە مامۆستایان، فەرمانبەران، پەرستاران، لاوانی بێکار، ژنانی ستەمدیدە، کەمئەندام و خانەنشینان دەگرێتەوە، کە هەموویان قوربانی سێ دەیەی دەسەڵاتدارێتی حزبەکانی کوردایەتین و هەموو بێکار و برسی و بێبەشن لە خزمەتگوزاریەکان. واتە ئەم هێزە چەند ملیۆنیەی خەڵک یەک چارەنوس ویەک بەرژوەندیان هەیە و یەک دواڕۆژیش چاوەڕوانیان دەکات.

لێرەدا زەرووره کە جارێکی تر تاکید لەوە بکەینەوە کە دەور و نەخشی چەپ و کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو و ئازادیخوازان لەنێو ئەم هەلومەرجە حەساس و چارەنوسازەدا کەمەسەلەیەکی عەمەلیە و چ وەڵام و چ کاردانەوەیەکیان هەیە. لەناو ئەم کێشمەکیشە چینایەتیەدا بە کردەوە چ بەرەیەکی چینایەتی هەڵدەبژێرن بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگەیەکی ئینسانی و خۆشگوزەران بۆ هەمووان. ئەم مەسەلەیەش تەنها مەسەلەی تیۆری و تەحلیلی نییە، بەڵکو ڕێک و ڕاست بەستراوەتەوە بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە و بە ئاسۆی سۆشیالیستی عەمەلیەوە کە وەڵامێکی ڕاست و دروستە کەدەتوانێت چارەنوسی کۆمەڵگە لە ڕیشەوە بگۆڕێت.

# سەفین کاکە ڕەش: ناڕەزایەتییەکەی ئەم دواییەی زۆنی زەرد بە تایبەتی شاری دهۆك نیشانەی وشیاربوونەوەی جەماوەری ئەو دەڤەرەیە، کەئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ هاوبەشە و شتێك نییە بەناوی شارچێتی و دەڤەر دەڤەرانێ. کەبرسییەتی تاوی هێنا هەموو لایەك وەك بورکان دەتەقێتەوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز سەفین کاکەڕەش؛ چالاکوانی مەدەنی سەبارەت بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵك لە هەرێمی کوردستان



**بۆپێشەوە: تائیستا دەسەڵات مل بەخواستی زۆر سادەی دابینکردنی هەلی کار، دانی موچە لەکاتی خۆیدا، دابینکردنی لانی کەمی خزمەتگوازارییەکان نادات ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**سەفین کاکەڕەش:** دەسەڵات کە مل بۆ سادەترین خواستی جەماوەر نادات، ئەویش دابینکردنی نزمترین خواستی میللەتە وەک کارەبا، ئاو، تەندروستی، مووچە...تاد، ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە ئەو دەسەڵاتە خۆی بە میوان دەزانێت و وەک ئوتێلێک سەیری وڵات دەکات، چونکە هاتنەکەی خۆی لەخۆیدا ناسرووشتی بووە، هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی و حەماقەتەکانی ڕژێمی سەدام وایکرد ئەوانە بێن و وەک تاڵانچی و پاوانخوازێک دەستیان بەسەر ژێرخان و سەرخانی ئابووری وڵات داگرت و تاڵانیان کرد! پاشان کەوتنە وێزەی یەکتر و بەناوی شەڕی براکوژییەوە هەزاران کەسیان کردە قوربانی خواستەکانی خۆیان و شتێکیان بەناوی دووئیدارەییەوە داهێنا. لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتە هەڵقووڵاوی ناخی جەماوەر نییە و بە فرت و فێڵ و تەزویر هاتوون، ئەوە سەبەبی سەرەکی بێ مننەت بوون و مل نەدانیانە بۆ سادەترین داخوازی خەڵک...

**ئەو دەسەڵاتە خۆی بە میوان دەزانێت و وەك ئوتێلێك سەیری وڵات دەکات، چونکە هاتنەکەی خۆی لەخۆیدا ناسرووشتی بووە، هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی و حەماقەتەکانی ڕژێمی سەدام وایکرد ئەوانە بێن و وەك تاڵانچی و پاوانخوازێك دەستیان بەسەر ژێرخان و سەرخانی ئابووری وڵات داگرت و تاڵانیان کرد!**

**بۆپێشەوە: ئەگەر خۆپیشاندانەکانی پێشوتر زۆرتر لەزۆنی سەوزدا ڕوویان دەدا، ئەم جارە لەزۆنی زەرد ولەشاری دهۆکەوە دەستی پێکرد، چۆن دەڕوانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**سەفین کاکەڕەش:** زۆنی سەوز هەر بە سرووشتی خۆی جەماوەرەکەی بە درێژایی مێژوو جۆرە یاخیبوونێک لەوێ هەبووە، و زۆر نموونەمان هەیە وەک یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکانی سەردەمی پیرەمێرد و شیعرە یاخی و پەند و تەحریزییەکانی شاعیرانی کلاسیکی وەک بێکەس و قانع و پیرەمێرد و ڕاپەرینی بەردەرکی سەرا و حکومەتەکەی شێخ مەحموود و ...

**ناڕەزایەتییەکەی ئەم دووابییەی زۆنی زەرد بە تایبەتی شاری دهۆك نیشانەی وشیاربوونەوەی جەماوەری ئەو دەڤەرەیە، کەئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ هاوبەشە و شتێك نییە بەناوی شارچێتی و دەڤەر دەڤەرانێ. کەبرسییەتی تاوی هێنا هەموو لایەك وەك بورکان دەتەقێتەوە...**

ئەوانە وایکردووە کە لە دەڤەری سلێمانی و دەوروبەری کە پێی دەڵێن زۆنی سەوز، جۆرە کرانەوەیەک و ئازادییەکی زیاتر لە زۆنی زەرد هەبێت، بەڵام ناڕەزایەتییەکەی ئەم دووابییەی زۆنی زەرد بە تایبەتی شاری دهۆک نیشانەی وشیاربوونەوەی جەماوەری ئەو دەڤەرەیە، کەئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ هاوبەشە و شتێک نییە بەناوی شارچێتی و دەڤەر دەڤەرانێ. کەبرسییەتی تاوی هێنا هەموو لایەک وەک بورکان دەتەقێتەوە...

**بۆپێشەوە: دەسەڵات لەجێگای ئەوەی وەڵام بەداخوازییە ڕەواکانی خۆپیشاندەران بداتەوە، پەنا دەباتە بەر چاوسورکردنەوە، تۆمەت بەخشینەوە، هەڕەشە، زیندانیکردن و سەرکوتکردن... ئەم دەسەڵاتە تا کەی دەتوانێت بەو ڕێکارە نەشیاوە پارێزگاری لە دەسەڵاتی بکات؟**

**سەفین کاکەڕەش:** بەدرێژایی مێژوو دەبینین هەموو ڕژێمە دیکتاتۆری و شموولییەکان بۆ پارێزگاری لەپێگەی خۆیان، چەندین جۆرە هێزی سەربازی و مەدەنی دادەمەزرێنن و پەنا دەبەنە بەر سیخوڕ و جاسووس و گرتن و لێدان و سووکایەتی کردن بە کەسانی چالاکوان و ڕێنیشاندەر، بەڵام ئەوە دەمێکە فەشەلی هێناوە و نموونەشمان زۆرە، چونکە ئەو کەسانەش لەکۆتاییدا کەسانی هەڵپەرستن و زۆر بەئاسانی سەنگەر دەگۆڕن و پشتیان بەردەدەن...

**بۆپێشەوە: بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، جار بەجار گەورەتر دەبێتەوە، زامنی سەرکەوتنی ئەو خۆپیشاندانانە لە گرەوی چیدایە؟**

**سەفین کاکەڕەش:** ڕاستە جاروبار خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان فراوان دەبن، بەڵام پێویستی بە ڕابەرایەتی کردنێکی شۆڕشگێڕانە هەیە، ئەو خۆپیشاندانانە زۆر جار لایەن و کەسانی بۆرژوا و هەڵپەرست بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنن و جۆرە بێ سەروبەرەیی و لائوبالییەکی پێوە دیارە و ڕێکخراو نییە. ئەمەش وایکردووە دەسەڵات زۆر بەگرنگی وەرنەگرێت و بەئاسانی بتوانێ دایبمرکێنێتەوە، چونکە دەزانێ ئەو ناڕەزایەتیانە نەفەس کورت و بێ بەرنامەن و درووشمەکانیان لەشتی سادەی وەک مووچە چڕدەبێتەوە....

**خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان پێویستی بە ڕابەرایەتی کردنێکی شۆڕشگێڕانە هەیە، ئەو خۆپیشاندانانە زۆر جار لایەن و کەسانی بۆرژوا و هەڵپەرست بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان دەهێنن و جۆرە بێ سەروبەرەیی و لائوبالییەکی پێوە دیارە و ڕێکخراو نییە**

## درێژەی دوا وتە....

ڕاسیستەوە دەکوژرێن، بەسوک و کەمتر لە هاوڵاتی سپی پیستی ئەمریکا تەماشا دەکرێن... ناڕەزایەتی جەماوەری لە ئەمریکادا، وابەستە بەمێژووی هەڵاواردن و جیاکاری نەژادییە، وە ڕاسانێکی قوڵی پەنگ خواردووی فراوانە کە دەمێکە شەپۆل دەدەت و کوشتنی جۆرج فلۆیدا، بووە کڵپەی ئەو ئاگرەی کە دەیەوێت بەر بێتە جەستەی ڕاسیزمی دەوڵەتی و نادەوڵەتی ئەو وڵات و سیستەمە هەڵاواردن ئامێزە.

ئەو هەڵاوردنە و جیاکارییە، وڵاتانی ئەورووپا لێی بێبەری نیین، بۆیە بزوتنەوەی دژی ڕاسیستی کە وەکو پشتیوانی بۆ گرنگی گیانی ڕەش پیستەکان، ئەورووپای گرتۆتەوە، هاوکات ناڕەزایەتی بزوتنەوەی دژی ڕاسیستی و هەڵاوردنە لەناوخۆی وڵاتانی ئەورووپادا.

دیارە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئەمریکا و ئەورووپا، تەنها پەیوەست نییە، بە کوشتنی جۆرج فلۆیدا یان تەنها بە بەهەڵاوارنی نەژادی، بەڵکو ڕیشەی لە سیاسەتی قازانج پەرستانەی کوللی نیزمی سەرمایەداریدایە. ڕیشەی لە بەرینبوونەوەی قڵشتی چینایەتی، بێکاری، هێرش بۆسەر دەستکەوتەکانی پیشووی چینی کریکار و خزمەتگوازرییەکان، لە بیبەها مامەمەڵەکردنی ئینسان و پیوانە ئینسانیەکان لە پێناو سود قازانج پەرستی سەرمایە.

لەو نێوەدا، ماهیەتی دیموکراسی بۆرژوازی و ڕۆڵی پۆلیس و سوپا، لەهەرکات زیاتر خۆی نمایش دەکات. داباراندی سوپا بۆسەر گیانی ناڕازیانی بێ چەک، دەست ئاوەڵاکردنی پۆلیس بۆ نواندنی توندوتیژی دژی تورەیی ڕەوای جەماوەری... جارێکی تر ئەو ڕاستییە دەخاتەوە ڕوو، کە ڕۆڵی سوپا و پۆلیس و دەزگاکانی تری بۆرژوازی بۆ پاریزگاری لە نیشتیمان!! و سەربەخۆیی و سەروەری نییە. بۆ پاراستنی شکۆی هاوڵاتیان و ماف و ئازادییەکانیان و خزمەتگوازرییەکانیان نییە. بۆپارێزگاری لە خۆپیشاندەران و داخوازییەکانیان نییە. بەڵکو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی قازانج ویستی سەرمایەدارییە... بۆیە ئامادەن بۆ پاراستنی ئەم نیزامە، دەست لەهیچ جۆرە توندوتیژییەک لەبەرامبەر بە هاوڵاتیانی ناڕازی و خاوەن داخوازی ڕەوادا، نەپارێزن.

ڕووی خامۆشی کۆمەڵەکان و وڵاتەکان، تەنها دیوی دەرەوەی نیزام و کۆمەڵگایەک دەخاتە ڕوو، کە لەناو خۆیدا هەڵگری خەمی گەورەو ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردن و چەوساندنەوەی هەزار سەری ڕەوایی پێدراوی شاراوەیە... کە ئەم دۆخە هەمیشە لەبەردەم سیڵاوی تورەیی ناوخۆیدایە. ئەوەی ئێستا لە ئەمریکا ڕوودەدات، تەنها نموونەیەکیەتی و لەهەر کۆمەڵگەو وڵاتیکیشدا، دەشی بەهۆکاری جیا جیا و بە فۆرمی جیاوازەوە ناڕەزایەتی جەماوەری خۆی نمایش بکات، و هۆکارێک یان چەند هۆکارێک ببنە فتیلەی گردانی تورەییەکان، بەڵام ناوەڕۆکی هەموویان، بوونی نیزامی قازانج پەرستی سەرمایەداری و موسبەتەکانی ئەو نیزامەن لە بێکاری، گرانی، بیخانەو لانەیی، جەنگ، سەرکوت، هەڵاواردن، بێمافی...تاد.

**ناوەڕاستی یونی ٢٠٢٠**

ساڵی چوارەم ژمارە (77) 15/6/2020 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

**هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید**
**نووسەرانی ئەم ژمارەیە:**
ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، شوانە حەسەن
عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا ساڵح، کاوان قادر،
جەمال نوری،ئەحمەد جوانکار، رامیار رەزایی،
حەکیم میرزا، ئەحمەد عەلی
لەگەڵ دۆسیەی تایبەت بەپرسی موچەو نارەزایەتی جەماوەری، و تەوەرەیەک سەبارەت بۆ تۆری هاوکاری کۆمەڵایەتی...

بۆپێشەوە
**سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود**
**ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد**
بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە
سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## MARX Herman Gorter(1864–1927 مارکس

**هۆنراوەی : هێرمان خۆرتەر**
**وەرگێڕانی : ئەحمەد جوانکار**

مارکسMARX Herman Gorter
(1864–1927
هۆنراوەی : هێرمان خۆرتەر
وەرگێڕانی : ئەحمەد جوانکار
ئە و ،
کەسایەتیەکی
پاک وجوان..
کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو،
وەک درەخت.
ئە و .. ئەیزانی چی ئەوێ ،
وەک ڕوبار
ڕێی ئەکرد..
وەک ڕەشەبا .. ئەچووە پێش.
منداڵان ،
لەدەوری بوون..
خۆشیانەویست و .. حەزیان ئەکرد
باوەشی پیابکەن و..دەستبکەنەملی.
لەچاوەکانیدا ،
خۆشی و خۆشەویستی
ئەبینرا
بەدوای جوانترین ئینساندا
دەگەڕا.
ئای لەوجوانیە ،
توڕەبوون وخەندەکانی ..
هەمووجارێ
بەڕوونی ئەبینرا.
پارچەیەکبوو.. لەهەوور
بورکانێک .. لەخۆشەویستی .
وەک..
ژیلەمۆی ئاگر
خواستیبوو
سرووشت ،
لەوە جوانتربکا.
ئەو .. نەرمبوو
لەگەڵ کرێکاران..
زۆرتوڕە .. لەگەڵ سەرمایەداران.




**لەم هۆنراوەیەدا هێرمان خۆرتەرخۆشەویستیەکی گەورە دەرئەبڕێت بۆ { کارڵ مارکس }.. هەتا ئەمرۆش هێرمان باشترین لەونووسەرانەیە، کەباوەڕیان بەئەدەبی کرێکاری و ڕیالیستی شۆڕشگێڕی هەبووە.. هەتا دواساتەکانی ژیانی و ، هەتا مرد، شانازی بە کۆمۆنیست بوونی خۆیەوە دەکرد...**

## دوا وتە

# لە بزوتنەوەی دژی راسیستییەوە بۆ بزوتنەوەی دژی سیستەم...

**عەبدوڵا مەحمود**



کوشتنی جۆرج فلۆیدی رەش پێست بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن پۆلیسی ڕێگەپێدراوی راسیستی دەوڵەتی ئەمریکا، بووە مایەی شەپۆلێکی بەرین لە راسانی جەماوەری بەدژی راسیزمدا. ئەم راسانە جەماوەرییە سەرەتا لە ئەمریکاو پاشان وڵاتانی ئەوروپای گرتەوەو زۆرێک لە سومبل و پەیکەرو رەمزەکانی ئەم نیزامەی کە لەسەر پایەی ئاپارتایدی نەژادی و شانازی بە مێژووی رابردووی بینانرابوون، رمێنران.

کوشتنی جۆرج فلۆید بەو دڵرەقیی و ئاگاییەوە، لە نێو دنیا فراوانی تۆرێک لە میدیای کۆنترۆڵ نەکراودا کە بوونەتە چاو گوێی فراوان لە ئاستی گشتیدا، جارێکی تر هەڵاواردنی نەژادی و ئەو ستەمەی بەهۆی نەژاد و رەنگی پێست و ئێتنیکەوە، لە بەشێکی فراوانی ئینسانی ئەم سەردەمە دەکرێت، نیشانداییەوە.

ئەگەر مێژووی سەرمایەداری ئەمریکا، وەکو مێژووی سەرمایەداری لە تەواوی هەسارەی زەویدا، لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی دامەزراوە، ئەوا هەڵاوارنی رەگەزی و نەژادی ئێنیکی و بەشێکی جیانەکراوەیە لە مێژووی هەمان ململانێی چینایەتی. بەجیا لە بانگەشەی یەکسانی هاوڵاتیانی مۆدیرنیزمە لەبەرامبەر یاسادا لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، هیچ لەوە رۆشنتر نییە کە دنیای ئەمرۆ سیخناغە لە هەڵاواردن و جیاکاری و دەستەبەندی هاوڵاتیان لەژێر ناوی جیاجیا و فۆرمی جیاوازدا. مێژووی ئەمریکای ناوەند و لانکەی دیموکراسی!! لە پەیوەند بەجیاکاری نەژادی، تەنها وابەستە بە رابردوو نییە، بەڵکو مێژووی هاوچەرخی ئەمریکا و دنیای ئەم سەردەمە، گەواهی دەری ئەو راستیەن کە هەڵاواردنی نەژادی لەزەمینەی ژیانی رۆژنەی خەڵکی ئەمریکادا، لە مەیدانی کار و ژیان و گوزەرانی واقعیدا، بۆتە تایبەتمەندییەکی ئەم نیزامە و دەوڵەتەکەی. ساڵانە سەدان و هەزاران دەستدریژی پۆلیس و رەفتاری راسیستی لەبەرامبەر بە رەش پیستەکان ئەنجام دەدرێت. رەش پیستەکان لەلایەن راسیستانی سپی پیست یان پۆلیسی...

بۆ لاپەڕە 14

## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح







**کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ روبەروبونەوەی فکر و راگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری راستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی...**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن**

www.bopehsawa.net / ماڵپەری بۆپێشەوەbopeshawa@gmail.com /